دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە ٧٠٥، شەممە ٣١ی پووشپەڕی ١٣٩٦ی هەتاوی، ٢٢ی جولای ٢٠١٧

www.kurdistanmedia.com

خوێنەرانی خۆشەویستی "کوردستان"

بەداخەوە ڕێکەوتی ٢٤ی پووشپەڕی ١٣٩٦ی هەتاوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەواڵی شەهید بوونی پۆلێک لە تێکۆشەرانی دێموکراتی بڵاو کردەوە کە لە حەماسەکانی "قەرەسەقەڵ" و "کۆسالان"، ساڵی ڕابردوو لە بەربەرەکانێ لەگەڵ هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی شەهید ببوون. بەم بۆنەوە بەناوی دەستەی نووسەران و لێژنەی بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی "کوردستان" سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەڕێزی شەهیدانی تازەی گەلەکەمان و خەڵکی کوردستان دەکەین و پەیمانی وەفاداری لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان نوێ دەکەینەوە.

ڕێگای شەهیدان پڕڕێبوار

دەستەی نووسەرانی "کوردستان"



مستەفا هیجری: بێجگە لە ئێرانییەکان...

٤



پوختەیەک لە ژیان و بەسەرهاتی شەهیدانی ...

٦



پێوەر و پرەنسیپە نەگۆڕەکانی قاسملوو لە...

٩



ئاسۆی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەندە بە...

١٠

# لە ٢٢ی پووشپەڕدا پەیمانی وەفاداری بە ڕێبازی قاسملوو نوێ کرایەوە



بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ، ٢٨ـەمین ساڵیادی شەهیدکرانی دکتور قاسملوو و هاوڕێیانی، ڕێوڕەسمێک لە بنکەی سەرەکی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو.

دوانیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٩٦ی هەتاوی، ڕێوڕەسمێکی تایبەت بۆ یاد و وەبیرهێنانەوەی خەبات و تێکۆشانی شەهیدی هەرگیز نەمر دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی بە بەشداری مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەندامانی ڕێبەرایەتی، کادر و پێشمەرگە و بنەماڵەکانی حیزب و چەندین لایەن و حیزبی سیاسی و میوانانی بەشدار بەڕێوە چوو.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە خوێندنی سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان دەستی پێکرد.

دواتر "مستەفا هیجری" سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ چەند وتەیەکی پێشکەش کرد.

هیجری لە سەرەتای قسەکانیدا وێڕای باسێک لە سەر ٢٢ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی کە تێیدا ڕێبەری ناوداری کورد دوکتور قاسملوو لە سەر مێزی وتووێژ شەهید کرا ئاوڕی لە چەند ڕووداوی دیکەی مانگی پووشپەڕ دایەوە؛ ناوبراو وتی: لە ٢٤ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٧٨ی هەتاوی کاک سەید سەلام عەزیزی ئەندامی دفتەری سیاسی بە هۆی نەخۆشی شەهید بوو؛ هەروەها لە مانگی پووشپەڕی ساڵی ڕابردوودا پۆلێک لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە خەباتی نوێی ڕاسانی ڕۆژهەڵات شەهید بوون.

مستەفا هجری دوای باسکردن لە کەسایەتیی شەهید سەلام عەزیزی و شەهیدانی ڕاسان گوتی: سڵاو لە گیانی هەموو ئەو شەهیدانە و شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان دەکەین و سڵاو بۆ بنەماڵەی هەموو شەهیدان دەنێرین.

هیجری لە وتەکانی سەبارەت بە کەسایەتیی دوکتۆر قاسملوو باسی لەوە کرد کە دوکتۆر قاسملوو یەکێک لەو دەگمەن ڕێبەرانە بوو کە بەردەوام بیر و هزری نوێی دەهێنایە نێو خەباتەوە و بە کردەوەش هەنگاوی بۆ جێبەجێکردنیان هەڵ دەگرت. دوکتور قاسملوو لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و لە نێو خەباتی حیزبی دێموکراتدا بۆ چرکەساتێکیش بەرامبەر بە ڕووداوەکان بێ لایەن نەبووە و هەردەم ڕێگا و پێشنیاری نوێ و مودێڕنی بۆ چارەسەری قەیرانەکان هێناوەتە ئاراوە.

بەڕێز هیجری لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا گوتی: "پیلانی تێرۆری دوکتور قاسملوو پیلانێکە کە بێجگە لە ئێرانییەکان بە دەگمەن هەڵکەوتووە لایەنێک بە مەبەستی لەناوبردنی لایەنی نەیاری خۆی کەڵکی لە مێزی دیالۆگ وەرگرتبێت".

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات هەروەها باسی لەوە کرد: "دوای ٢٨ ساڵ کە ڕێژیمی ئێران پێی وابوو بە تێرۆری دوکتور قاسملوو خەباتی خۆرهەڵات لەناو دەچێت بەڵام بە پێچەوانەوە خەباتی کورد بە تێکۆشان و شێلگیرییەوە درێژەی پەیدا کرد".

هەروەها هیجری لە بەشێکی قسەکانیدا ڕایگەیاند: "ئێران دژایەتی لەگەڵ گشتپرسیی باشووری کوردستان دەکات، ئێران لە بیروڕای نێونەتەوەیی وەک پشتیوانی تێرۆریزم دەناسرێت".

لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا شێعرێک لەژێر ناوی "خاکی پۆشەکان" لە لایەن شاعیر "گوڵباخ بەهرامی"ـیەوە پێشکەش کرا.

دواتر سروودێک لەژێر ناوی "قاسملووی ڕێبەر" لە لایەن کۆڕی موزیکی حیزبی دێموکراتەوە پێشکەش کرا.

بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکە بریتی بوو لە پێشکەش کردنی پەیامی ڕێکخراوەکانی ژنان، لاوان و خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لەلایەن "سەلام ئیسماعیل پوور" ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە خوێندرایەوە.

دواتر شێعرێک لەلایەن شاعیر "شەریف فەلاح" لەژێر ناوی "ڕووناکییەک لە شەوە زەنگدا" پێشکەش کرا.

ڕێوڕەسمەکە بە پێشکەشکردنی دوو سروود لەژێر ناوی "ڕێبەری زانا" لە لایەن کۆڕی موزیکی حیزب و سروودێک لەژێر ناوی "ڕێبەری مەزن و زانا" لەلایەن منداڵانی ناوەندی نێرگزەوە کۆتایی پێهات.

چەندین حیزب و لایەن سیاسی بە بۆنەی ٢٨ـەمین ساڵڕۆژی شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو پەیامی تایبەت بەو ڕۆژەیان ناردبوو کە بریتین لە:

- پارتی دێموکراتی کوردستان
- یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان
- حیزبی شیوعی کوردستان
- بزووتنەوەی گۆڕان
- یەکیەتیی زانایانی ئایینیی کوردستان
- ڕێکخراوی گەشەی لاوانی کوردستان
- بەڕێوەبەرایەتی تەندروستیی کۆیە

خوێنەرانی خۆشەویستی "کوردستان" دەقی وتەکانی بەڕێز مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە لاپەڕەکانی ٤ و ٥ی ئەم ژمارەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

## پەیڤ

### چاڵی لاوازی کۆماری ئیسلامی

**کەریم پەرویزی**

ڕێژیمی ئیسلامیی تاران، دوای زیاتر لە ٣٨ ساڵ لە سەرەڕۆیی و تاوانکاری، ماوەیەک ئیدیعای ئەوەی دەکرد کە سەرچاوە و خاڵی گرنگی ئاسایش لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە.

ئەم ڕێژیمە کە هەر لە سەرەتای دەرکەوتنییەوە دروشمی هەناردەکردنی شۆڕش و لە ڕاستیدا پیلانی ئاژاوەنانەوە لە ناوچەکەیدا هەبوو، بۆ نزیک بە سێ دەیە دەبێ کە بەتەواوی هێز و تواناوە گرووپی تیرۆریستی هەناردەی دەرەوە کردووە و لە وڵاتانی ناوچەش گرووپی توندئاژۆ و تیرۆریستی و شارلاتانی بەهێز کردووە و ڕێکی خستوون هەتاکوو تاوان بخوڵقێنن و لەسەر ئەرزی واقیع، مانەوەی خۆی لە تێکدانی ئاسایشی ناوچەکەدا بینیوەتەوە.

لەم ساڵانەی دواییدا کە گرووپی تیرۆریستیی جۆربەجۆر وەکوو کارگی ژەهراوی لە هەموو شوێنێک سەریان هەڵداوە، کۆماری ئیسلامیی تیرۆریست پەروەریش لەگەڵ هەموویان پێوەندیی گرتووە و جارێک بەناوی دژایەتیی ئەمیان و جارێک لەپێوەندیی سیاسی! لەگەڵ ئەوی دیکەیان ویستوویە سیمای ناچەکە پڕ ئاژاوە بنوێنێ و لەگەڵیان ڕێک کەوتووە کە هیچیان لە نێو ئێراندا کردەوەی تیرۆریستی ئەنجام نەدەن تاکوو کۆماری ئیسلامی وەکوو شوێنێکی ئەمن لە نێو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی پڕ ئاگردا بێتە بەرچاو.

ئەم سیاسەتە پیلان داڕێژراوەی ڕێژیم یەک لاوازیی گرنگ و ئەساسیی هەیە کە ڕێژیم بیری لێ نەکردبووەو لە ڕاستیدا نەک خاڵی لاواز، بەڵکوو چاڵی لاوازی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانە.

ئەوەیکە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی حیسابی بۆ نەکردبوو و دەیەویست فەرامۆشی بکا و دونیاش بەدوای ئەودا فەرامۆشی بکەن، فاکتۆرێکە بەناوی نەتەوە ستەم لێکراوەکان لە ئێراندا.

کۆماری ئیسلامی کە بە سەرکوت و ئێعدام و ئەشکەنجە، چالاکان و مافخوازانی ڕاستەقینەی ئەم نەتەوانەی بەقەولی خۆی لە مەیدان وەدەرنابوو و بە دروستکردنی هەندێ گرووپ و کەسی کارتۆنی، ئەوانی وەکوو نوێنەری خەباتی ئەو نەتەوانە نیشان بدا. بەو پیلانانەی وای دەزانی کە پرسێک بەناوی پرسی نەتەوەیی لە ئێراندا نییە و بەتایبەتیتر پێی وابوو کە پرسی کوردی بۆ هەمیشە بێدەنگ کردووە و بە هەندێ پیلان، لە نێوخۆ بەلارێیدا بردووە.

سیاسەتی بێدەنگکردن لە نێوخۆ و ئاژاوە لە دەوروبەر و بزە و پێکەنین لە ئورووپا، سێ ڕەهەندی ستراتێژیی کۆماری ئیسلامی بوون، کە بە حوزووری پێشمەرگەی کوردستان لە

درێژە لە لاپەڕەی ٣

کوردستان



# سکرتێری گشتیی حیزب میوانداریی بنەماڵەی شەهیدانی نوێی ڕاسانی کرد

پۆلێکی دیکە لە ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی دێموکرات پەیوەست بە ڕیزی سەروەرانی مێژوو بوون.

پاش شەڕ و تێکهەڵچوونەکانی نێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و دژی گەلییەکانی کۆماری ئیسلامی لە حەماسەی "قەرەسەقەڵ" و "کۆسالان" کە ساڵی ڕابردووی هەتاوی ڕوویان دا پۆلێک لە پێشمەرگەکانی حیزب چارەنووسیان بە ناڕوونی مایەوە؛ مەخابن پاش بەدواداچوونی ورد و چاوەڕوانییەکی زۆری حیزب و خەڵکی ناوچە و ئەندامانی تەشکیلاتی نێوخۆ، هیچ ئاسەوارێک لەو هاوسەنگەرانەمان نەبینرایەوە و دەرکەوت ئەو هاوڕێیانە لە ئاگری ڕق و قینی بێبەزەییانەی دوژمندا شەهید بوون.

شەهیدانی نوێی گەلەکەمان بریتین لە: شەهید بێهزاد پیرۆتی کوڕی حوسێن و شەهید علی مەحموودی ناسراو بە "شەماڵ" کوڕی کەریم لە حەماسەی قەرەسەقەڵ؛ هەروەها شەهیدان مێهدی شێخی کوڕی حەمەخان، ئەفشار سوورە بوومە کوڕی مەحموود، بەرزان حوسێنی کوڕی عوسمان، شەهید ڕوحوڵڵا حەیدەری کوڕی محەممەد، ساحێب حوسینی کوڕی عەزیز، هیوا قوربانی کوڕی حەسەن لە حەماسەی کۆسالان.

ئەمڕۆ شەممە ڕێکەوتی ٢٤ی پووشپەڕی ١٣٩٦ی هەتاوی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران میوانداری بنەماڵەی سەربەرزی ئەم شەهیدانەی کرد و وێڕای بەداخبوونی خۆی و حیزب لەمەڕ شەهیدبوونی ڕۆڵە وەفادارەکانی حیزب دڵنیای کردنەوە کە ڕێبازی سووریان تا سەر درێژەی دەبێت و ڕێبوارانی ڕێگاکەیان بەگوڕتر لە جاران بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی شەهیدان خزمەت بە گەل و نیشتمانەکەیان دەکەن.

ڕێکەوتی ٢٦ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٩٥ی هەتاوی ژ٣ بەدەست و قەمەکێشەکانی کۆماری مەرگ و سێدارە بە چاوساغیی تاقمێک خۆفرۆشی چڵکاوخۆر گوندی قەرەسەقەڵی شنۆی سەربەرزیان گەمارۆدا کە پۆلێک لە قوتابیانی ڕاستەقینەی سەرداری دێموکراسی لە خۆیدا دەحەواندەوە.

پۆلێک بەوری چنگ بەگری نیشتمان کە گڕیان لە ڕۆحی چەپەڵی دوژمنانی ئازادی بەردا و کۆڵەکە لەرزۆکەکانی سوپای وەیشوومەی داگیرکەرانی کوردستانیان خستەوە لەرزە و هاوشێوەی قارەمانانی خەباتی چەکداری ٤٦-٤٧ کە دورگەی ئارامی حەمەرەزاشایان شڵەژاند، حەماسەی قەرەسەقەڵیان خوڵقاند و بە ڕاسانی شاخ، ئاوی مەندی تارانیان شڵەقاند.

هەروەها ڕێکەوتی ٥ی پوشپەڕی ساڵی ١٣٩٥ی هەتاوی، لە کاتێکدا کە هێشتا برینی ناسۆری شەهیدبوونی ٦ قەڵافەتی زیندووی ڕۆژهەڵات لە شنۆی سەربەرز ساڕێژ نەببوو، جارێکی دیکە هەواڵێکی دڵتەزێن بڵاو کرایەوە و پێشمەرگەکانی حیزب پاش خوڵقاندنی حەماسەی لەبیرنەکراوەی کۆسالان گیانی ئازیزیان کردە پردەبازی ئازادی.

## سێمیناری زیندوو ڕاگرتن و خاوەنداریەتی لە خەبات و تێکۆشانی شەهید دوکتور قاسملوو لە هەولێر بەڕێوە چوو

سێمینارێک بە بۆنەی ٢٨ـەمین ساڵیادی شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی لە هەولێر پیتەختی هەرێمی کوردستان بەڕێوە چوو.

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١٦ی پووشپەڕ، بە بۆنەی ٢٨ـەمین ساڵرۆژی تێرۆری دوکتور قاسملو ڕێبەری ناوداری گەلی کورد، سێمینارێک بە بەشداریی زۆربەی حیزبەکانی هەر چوار بەشی کوردستان، کەسایەتییە ئەکادیمیەکان،یەکیەتیی پارلمانتارانی کوردستان، ئەندامانی حیزب و ڕاگەیەندنەکان لە شاری هەولێر بەڕێوە چوو.

ئەو سێمینارە بە سروودی نەتەوایەتی "ئەی ڕەقیب" و ڕاگرتنی چەند ساتێک بێ دەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد.

سەرەتا "محەممەد ساڵح قادری" ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی پێوەندیەکانی حیزبی دێموکرات لە هەولێر، لە چەند وتەیەکدا بەخێرهێنانی حیزب و لایەنە سیاسیەکان و کەسایەتی و میوانانی بەشداری سێمینارەکەی کرد.

دواتر هەرکام لە "حەسەن شەرەفی" جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات،"پەرویز ڕەحیم قادر" مامۆستای زانستە سیاسیەکان لە زانکۆی سەلاحەدین و "لەتیف ئەیۆزدەمیر" جێگری سەرۆکی هاکپار، لە ڕەهەندە جیا جیاکاندا باسی کەسایەتی و ڕۆڵ و کاریگەریەکانی دوکتور قاسملوو لە بزاڤی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد بە گشتی و ڕۆژهەلاتی کوردستان بە تایبەتی کرا و ئاماژە بە پیلانی تیرۆری ئەم ڕێبەرە بە پیلانی ڕێژیمی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی و سات و سەودای دەوڵەتی ئۆتریش لەو پێوەندیەدا کرا.

لەو سێمینارەدا پاش کاتژمێر و نیوێک بە پرسیار و وەڵامی بەشداربووان کۆتایی پێهات.

حیزبە و لایەنەکانی بەشدار لەو سێمینارە بریتی بوون لە:

لە باشووری کوردستان:
پارتی دێموکراتی کوردستان
یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان
بزووتنەوەی گۆڕان
یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
حیزبی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان
حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان
بزووتنەوەی دێموکراتی گەلی کوردستان
یەکیەتی پارلمانتارانی کوردستان

لە باکووری کوردستان:
هادەپ
هاکپار
پارتی ئازادی کوردستان
پارتی سوسیالیستی کوردستان

لە ڕۆژئاوای کوردستان:
پارتی دێموکراتی کوردستان-سووریە
پارتی یەکیەتی کورد-سووریە
ئەنجومەنی نیشتمانی کورد سووریە
ئەنەکەسە
پارتی یەکیەتی دێموکراتی کوردی سووریە

## کۆمەڵێک کەسایەتی و ڕووناکبیری کوردستان سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتیان کرد

کۆمەڵێک کەسایەتی و ڕووناکبیری کوردستان و ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری "بزاڤی ئاشتیی ناوخۆی کوردستان" سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتیان کرد.

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١٩ی پووشپەڕی ١٣٩٦ی هەتاوی کۆمەڵێک کەسایەتی و ڕووناکبیری کوردستان و ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری "بزاڤی ئاشتیی ناوخۆی کوردستان" سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتیان کرد و لەلایەن هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتەوە بە سەرپەرەستیی "حەسەن شەرەفی"، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات پێشوازییان لێکرا.

لەم سەردانەدا دوکتور "موسا کەواڵ" لە لایەن ئەو کۆمەڵە کەسایەتییە سیاسی و ڕووناکبیر و نیشتمانپەروەرە ئامانج لە سەردان و بزاڤەکەیان خستە بەر نەزەری هەیئەتی حیزبی دێموکرات و گوتیشی بۆ ئێمەی کورد ئەو پرسیارە هەیە بۆ لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست فارس، عەرەب و تورک خاوەنی دەوڵەتن و کورد تا ئێستا نەبووەتە خاوەنی دەوڵەت ؟ پاش شرۆڤەکردنی ئەم باسە دەبێ بیر لەوە بکەینەوە چۆن دەبین بە دەوڵەت؟

دوکتور موسا کەواڵ ئاماژەی بەوەدا کە لەگەڵ حیزب و لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار بەشی کوردستان لە دیالۆگدان و بەو بۆچوونەوە تا کورد یەکیەتی و یەکڕیزی نەبێ ناتوانێ بەو ئامانجەی بگات و داوامان ئەوەیە حیزبەکان یارمەتیدەرمان بن.

دواتر حەسەن شەرەفی وێڕای بەخێرهاتن کردنەوەیان ئاماژەی بەوەدا بزاڤی ئێوە ئەرکێکی پیرۆز و قورسە و ڕاوبۆچوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو پێوەندییەدا باس کرد و پشتیوانی حیزبی لە بزاڤەکەیان ڕاگەیاند و هیوای بۆ خواستن لە ئەرکی نەتەوەیی و نیشتمانییاندا سەرکەوتوو بن و سپاسی ئەو سەردانەی کرد.

## دوکتور بێرنارد گرانژۆن پشتیوانیی خۆی لە خەباتی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەربڕی

دوکتور بێرنارد گرانژون، بەرپرسی پێشووی ڕێکخراوی پزیشکانی بێ سنوور لە پەیامێکدا بە بۆنەی ٢٨ەمین ساڵڤەگەڕی تێرۆری دوکتور قاسملوو، پشتیوانی خۆی لە درێژەدەرانی ڕێبازی قاسملوو دەربڕی.

دەقی ئەو پەیامە بە چەشنەیە:

بە بۆنەی ٢٨ەمین ساڵڤەگەڕی شەهید بوونی دوکتور قاسملوو، سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

هاوڕێیانی هێژا

٢٨ ساڵ بە سەر شەهید بوونی دوکتور قاسملوو، ئەو مرۆڤە ئیلهامهێنەرە بۆ هەمووان تێدەپەڕێ.

لە ٢٨ ساڵەی شەهید بوونیدا، ناو و یادی دوکتور قاسملوو بەرز ڕادەگرین و لە ڕێبوارانی خەباتی ڕێگای دوکتور قاسملوو لە ڕاستای دێموکراسی، ئازادی و مافی نەتەوەیی کورد پشتیوانی دەکەین.

دوکتور بێرنارد گرانژون و تەواوی ئەکیپی پزیشکانی جیهان لە مارسەی ١٣ ژووئیەی ٢٠١٧

## بەشداریی شاندی حیزبی دێموکرات لە مەراسمی ٢٢٨مین ساڵڤەگەڕی ڕۆژی نیشتمانیی فەرانسە لە هەولێر

هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر بانگهێشتی فەرمی کونسولگەری فەرانسە لە هەولێر، بەشدارییان لە ڕێوڕەسمی ٢٢٨ مین ساڵڤەگەری ڕۆژی نیشتمانیی فەرانسەدا کرد.

سەر لەئێوارەی ڕۆژی ٢٣/٤/١٣٩٦ هەیئەتی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستی کاک حەسەن شەرەفی جێگری سکرتێری گشتی حیزب بەشداریان لە مەراسمی ٢٢٨مین ساڵڤەگەری ڕۆژی نیشتمانی فەرانسە لە هەولێر کرد کە لەلایەن کونسولگەری ئەو ولاتەوە ڕێکخرابوو.

لەو مەراسمەدا سەرکونسولی فەرانسە و کاک فەلاح مستەفا بەرپرسی فەرمانگەی پێوەندیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان وتەیان پێشکەش کرد و وێڕای پیرۆزبایی ئەم بۆنەیە و بەرز نرخاندنی ڕۆلی قارەمانانەی پێشمەرگەی کوردستان بۆ ڕووبە ڕووبوونەوە لەگەل شەری ترۆریزم، پێداگریان لەسەر دۆستایەتی و بەردەوامی هاوکاری نێوان دەولەتی فەرانسە و حکومەتی هەرێمی کوردستان کردەوە.

شایانی باسە هەیئەتی حیزب بەم بۆنەیەوە وێڕای گەیاندنی پیرۆزبایی حیزب بە سەرکونسولی فەرانسە، هەروەها لە میانەی مەراسمەکەدا چاوی بە بەشێکی بەرچاو لە هەیئەت و نوێنەرانی حیزب و لایەنە سیاسیەکان و میوانانی بەشداری مەراسمەکە کەوت.

## کۆمەڵێک کەسایەتی و مامۆستای زانکۆ سەردانی هێزی پێشمەرگە لە شاخەکانی کوردستانیان کرد

کۆمەڵێک لە نووسەران و ڕووناکبیران بۆ پشتیوانی لە ڕاسانی ڕۆژهەڵات سەردانی هێزی تایبەت لە شاخەکانی کوردستانیان کرد و پشتیوانی خۆیان لە هێزی پێشمەرگە دەربڕی.

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٩ی پووشپەڕی ١٣٩٦ی هەتاوی، بە مەبەستی دەربڕینی پشتیوانی و هاودەنگی لەگەڵ ڕاسانی ڕۆژهەلات وهێزی پێشمەرگە، کۆمەڵێک کەسایەتی و مامۆستای زانکۆ بە هاوڕێیەتی "محەممەد ساڵح قادری" بەرپرسی دەفتەری نوێنەرایەتی حیزبی دێموکرات لە شاری هەولێر، سەردانی هێزی پێشمەرگەیان کرد.

لەو سەردانەدا "مامەند ڕۆژە" نوێترین بەرهەمی لێکۆڵینەوە و نووسینی خۆی بە ناوی " قەڵەمبازی ستراتێژیک" کە لە پێوەندی لەگەڵ بارودۆخی نوێی ڕۆژهەلاتی کوردستان ، ناوچە و هاوکێشە سیاسییەکان و گرینگی ڕاسان نووسراوە، پێشکەش بە فەرماندەکانی هێزی پێشمەرگە کرد.

لە دیدارێکی مەیدانیدا بۆ سەنگەری پێشمەرگەکان، وێڕای پشتیوانی لە هێزەکانی پێشمەرگە و ڕاسانی ڕۆژهەلات، باسێکیان سەبارەت بە هەڵکەوتەی ژێئۆستراتێژیکی کوردستان بە تایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشکەش کرد و گرینگیی و کاریگەری چالاکیی پێشمەرگە لەو قۆناغەدا بە بایەخەوە هەلسەنگاند.

هەر لەو سەردانەدا دوکتور "بێهرۆز شوجاعی" مامۆستای زانکۆ، وێڕای پێناسەکردنی ماهیەتی داگیرکارانەی ڕێژیمی ئێران و موستەعمەرە بوونی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە، پێداگری لەسەر چەمکی سەروەری و خەباتی ڕزگاریخوازیی ڕۆژهەلاتی کوردستان بۆ حیزبی دێموکرات وەک میراتگری کۆماری کوردستان و ڕێبەرە شەهیدەکانی کرد و بە بەرز نرخاندنی گرینگیی هەنگاوەکانی پێشمەرگە لە قۆناغی ئێستادا، باسی لە چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی وشیارانەی پێشمەرگە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و گرینگی پێدانی پێشمەرگە بە خۆ بەتەیار کردن بە زانست و زانیاری کرد.

سەردانی ئەو کەسایەتیە ئاکادیمیک و سیاسیانە و پێشکەشکردنی ئەو کتێبە لەگەل پێشوازی گەرمی پێشمەرگەکان بەرەوڕوو بوو و مامۆستاکان پێداگریان لە سەر بەردەوامیی هاوکاری لەگەڵ پێشمەرگەکان دووپات کردەوە.

## خەڵکی کوردستان لە پرسە و سەرەخۆشیی شەهیدانی ڕاساندا بەشداری دەکەن

سەرەڕای هەڕەشەی بنکە و ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمی ئێران خەڵکی تێکۆشەری کوردستان لە پرسە وسەرەخۆشی شەهیدانی ڕاساندا بەشداری دەکەن.

دوای ئەوەیکە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا حیزبی دێموکرات هەواڵی شەهیدبوونی پۆلێک لە پێشمەرگە گیان لە سەر دەستەکانی ڕاگەیاند، خەڵکی کوردستان بە شێوەیەکی بەرچاو سەردانی بنەماڵەی شەهیدانیان کردووە و پەیمانی وەفاداریان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان نوێ کردۆتەوە.

خەڵکی گوندی تەوریوەر سەردانی بنەماڵەی شەهیدان "مەهدی شێخی و ئەفشار سوورە بوومە" کردووە و پەیمانیان نوێ کردووەتەوە کە درێژەدەری ڕێبازی شەهیدان دەبن.

بەپێی دوایین زانیارییەکان، خەڵکێکی بەرچاو لە کۆڕی پرسە و سەرەخۆشیی ئەو شەهیدانەدا بەشدارییان کردووە و پەیمانی وەفاداریان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان نوێ کردەوە.

هەروەها ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی٢٣ی پووشپەڕی ١٣٩٦ی هەتاوی دوای ڕاگەیاندنی شەهیدبوونی پۆلێک لە تێکۆشەرانی دێموکرات لە شەڕەکانی "کۆسالان و قەرەسەقەل" بنەماڵەی شەهیدانی ناوچەی سنە، دەیانهەویست پرسە و سەرەخۆشی شەهیدەکان لە مزگەوتی گوندەکان بەڕێوە ببەن، بەڵام بەرپرسانی ئیتلاعاتی ڕژیمی ئێران هەڕەشەیان لە بنەماڵەی شەهیدان کرد کە نابێت لە مزگەوتەکاندا کۆڕی پرسە و سەرەخۆشی دابنێن.

خەڵکی تێکۆشەری سنە دوای هەڕەشەی هێزەکانی ئیتلاعاتی ڕێژیم تەسلیمی ئەو داواکارییەی ڕێژیم نەبوون و بۆ دەربڕینی هاوخەمی لەگەڵ بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان لە خانە باغەکان سەردانی بنەماڵەی شەهیدانیان کرد و بەم شێوەیە هاوخەمی خۆیان دەربڕی.

## حیزبی دێموکرات و هاکپار دیداریان کرد

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٧ی پووشپەڕی ١٣٩٦ی هەتاوی، هەیئەتێکی "هاکپار "پارتی ئاشتی و دێموکراسی باکووری کوردستان بە سەرپەرەستیی "ڕەفیق کاراکۆچ" سەرۆکی هاکپار سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتیان کرد و لە لایەن هەیئەتێک بە سەرپەرەستیی "مستەفا هیجری" و ژمارەیەک لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی و ڕێبەری حیزب پێشوازییان لێکرا.

لەو دیدارەدا هەیئەتی هاکپار ئامانج لە سەردانەکەیان ئالوگۆڕی نەزەر لەگەڵ حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان باس کرد بەتایبەت لە سەر پێوەندییەکانیان لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران قسەیان کرد و ئاماژەیان بە دەوری حیزب لە بزووتنەوەی نەتەوەیی نیشتمانی کورد کرد و سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزبیان بەرز نرخاند.

هەروەها لەسەر باکووری کوردستان و دۆخی سیاسی کورد لە باکوور و خەباتی سیاسی مەدەنی و ڕۆشنبیری کورد ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد و لەسەر زیانەکانی دەستپێکردنەوەی شەڕ و گرتنی پارلمانتارانی کورد و کەسایەتییە سیاسییەکان لە باکوور و ئاستی تێکۆشانی خۆیان قسەیان کرد و ئەو ڕەوشەیان وەک لەمپەڕ و کۆسپ لەسەر ڕێگەی خەباتی خۆیان لە باکوور ئاماژە پێکرد.

هەروەها باسێک لەسەر بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کار و چالاکییەکانی حیزبی دێموکرات و سیاسەتی دژی گەلی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و پێشێلکردنی ویست و داخوازەکانی نەتەوەکانی ئێران و بەردەوام بوونی لەسەر سەرکوت کردنی ئازادیخوازانی ئێران و گرتن و ئێعدامیان هاتە ئاراوە.

لەو پێوەندییەدا سکرتێری گشتیی حیزب لەسەر سیاسەتی تێکدەرانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ پرسی کورد قسەی کرد و ئاماژەی بە هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی کرد بۆ پەکخستنی پرۆسەی بە دەوڵەتبوونی کورد لە باشووری کوردستان؛ وتیشی: کورد و پارتە سیاسییەکان لە قۆناخێکی هەستیاردان، ئەو ئامانجە نەتەوەییانە ئەوەمان لێ دەخوازێ بە خوێندنەوەیەکی واقعبینانەوە پرسە نەتەوەییەکانمان ڕەچاو بکەین، پشتیوانی لە پرسی ریفراندۆمی باشووری کوردستانیش یەکێک لەو ئەرکانەیە.

# کوردستان ڕێزی لە خوێنی شەهیدانی ڤییەن گرت

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە زۆربەی شار و شارۆچکە و گوندەکانی کوردستان بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ چالاکیی تەبلیغییان ئەنجام دا و وەفاداری خۆیان بە ڕێبازی شەهیدان نیشان دایەوە و تیرۆریزمی نێونەتەوەیی کۆماری ئیسلامییان بۆ جارێکی دیکە مەحکووم کرد.

تێکۆشەرانی دێموکرات لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا و لە چەندین شوێن و گەڕەکی شاری بۆکان پووستێر و تراکتی تایبەت بە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ و هەروەها سی دی وتەکانی شەهید قاسملوویان بڵاو کردەوە.

ئەو شوێنانەی شاری بۆکان کە چالاکی تێدا ئەنجام دراوە بریتین لە: ساپیا یدکی ١ و ٢، شەقامی دوکتور قاسملوو(کمربندی)،شەهرەکی نەساجی،فەلەکەی ئازادگان تا عەلیاباد، پارکی کوی ئەندیشە، پشت ٣٠ی میتری، مەجبورئاوا، چوارڕێیانی بەهرامی، کوچەی دامپزشکی، خیابانی ٥٥، مەدرەسەی کەوسەر، خانەی بێهداشتی مەجبورئاوا، کۆڵانەکانی سونا ئابشار و نەساجی.

هەروەها تێکۆشەرانی دێموکرات ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٩ی پووشپەڕی ١٣٩٦ی هەتاوی وێنەی ئاڵای کوردستانیان لە سەر بەردێکی پان و گەورە لە سەیرانگای پردی نێوان شارەکانی "سەردەشت و پیرانشار" کێشایەوە کە لەلایەن بنەماڵەکان و بە تایبەت لاوان پێشوازی لێکراوە و هەندێك لە لاوەکان کە جامانەیان لەمل کردبوو، دروشمی بژی پێشمەرگە و ڕاسان بەردەوامەیان لە سەر بەرزاییەکان گوتۆتەوە کە شادی خستۆتە دڵی خەڵکەکەوە.

کۆمەڵێک لە ئەندام و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری کامیاران چالاکیی بەرینی تەبلیغیان ئەنجامدا.

ئەو شوێنانەی کە چالاکیی تە بلیغی تێدا بەڕێوە چوو بریتین لە:

"دەبیرستانی موعەلیم، دەبیرستانی ئوستاد شەهریار، دەبیرستانی ڕازی، دەبیرستانی کەوسەر، شاهێد، ڕەجایی، ڕەستگاران، زەینەبیە، هونەرستانی "خوارزمی"، دەورووبەری فەرهەنگ سەرا، دەوروبەری نەخۆشخانەی سینا، کامیارانە کۆن، دەوروبەری مزگەوتی خومەینی، دەوروبەری مزگەوتی حەزرەتی ئایشێ، دەوروبەری مزگەوتی دێوەزناوییەکان، ١٢میتری تەوحید و کۆڵان بە کۆڵانی دەوروبەری ١٢میتریی تەوحید، شارەکی بێعسەت، ئاپارتمانەکانی شارەکی بێعسەت، جاددەی ڕوانسەر و کۆڵان بە کۆڵانی کامیاران، مزگەوتی ئیمامی شافیعی، مزگەوتی حەزرەتی حەمزە.

هەروەها لە گوندی "تەوریوەر" سەر بە شاری سنە چالاکیی تەبلیغی هاوشێوە ئەنجام درا.

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١٦ی پووشپەڕی ١٣٩٦ی هەتاوی لە شاری بانە بەبۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری بانە وێنە و تراکتی پێوەندیدار بەو ڕۆژەیان بڵاو کردووەتەوە و پەیمانی وەفاداریان بە ڕێبازی شەهیدانی حیزبی دێموکرات نوێ کردووەتەوە.

هەروەها ئە ندامان و لایە نگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران رۆژی هە ینی بە بۆنە ی ساڵڕۆژی تێرۆری شەهید دکتور قاسملوو سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەروەها یاد کردنەوەی شە هیدانی راسان لە ئاویە ری سنە، ریگە ی هاتوچۆ بۆ ئاویە ر، تاقە دار، گوێزە کوێرە و بان دیدگا چالاکی تەبلیغییان بە ڕێوە برد.

لەلایەکی دیکەشەوە ئەندامان ولایەنگرانی حیزب بە بونەی ٢٢ی پووشپەڕ لەشاری شنۆ وگوندی ئالیاوێ چالاکی تەبلیغاتیان ئەنجام داوە.

ئەو شوینانەی کە کاری تەبلیغی تێدا کراوە بریتین لە: مزگەوت و قوتابخانەی ئاوایی، شیرکەت تەعاونی، سەر ڕێگای شنۆ بۆ نەغەدە، سوپێر مارکێت، ماڵ بە ماڵی گوندی ئاڵیاوێ.

لەم چالاکییە تەبلیغییەدا زیاتر لە هەزار تراکت و وێنەی دکتور قاسملوو بڵاو کراوتەوە.

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١٧ی پووشپەڕی ١٣٩٦ی هەتاوی ئەندام و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە شاری سنەی خوێناوی بە ئەنجامدانی چالاکیی تەبلیغی پەیمانیان لەگەڵ شەهیدان نوێ کردەوە و بەڵێنیان دا کە درێژە دەری ڕێگایانن.

تێکۆشەرانی دێموکرات لە گوندی" مێراو" سەر بە ناوچەی ژاوەرۆی سنە بە بۆنەی٢٢ی پووشپەڕ چالاکی تەبلیغییان ئەنجام دا.

هەروەها قارەمانانی دێموکرات لە "مەرکەز بێهداشت، دێهیاری، مەدرسەی ئیبتدایی، ڕاهنمایی، دەبیرستان، مزگەوتی جامع، دەرمانگای محەممەد حەسەن ڕەحیمی، ناو ماڵەکان، بەر ئاوایی، سەر شوشەی دووکان و ماشینەکان، تەعمیرگای ماتۆڕ" تراکت و وێنەی تایبەت بە ٢٢ی پووشپەڕیان بڵاو کردەوە.

ڕێکەوتی ١٩ی پووشپەڕی١٣٩٦ی هەتاوی کۆمەڵێک لە لاوانی کورد و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری کرماشان و گێڵانی غەرب چالاکیی تەبلیغیان بە بۆنەی ٢٨مین ساڵڕۆژی تێرۆر کردنی شەهید دکتور قاسملوو سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هاوڕێیانی ئەنجامدا.

لاوانی دێموکرات لەو چالاکیانەدا دروشمی وەک: "ئێمە ڕۆڵەی ڕاسانین، سڵاو لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕاسانی ڕۆژهەڵات لە کرماشان ، ڕاسانی شار و شاخ، ڕێبازی قاسملوو بەردەوامە و ڕێبەری شەهید ڕێگات درێژە دەدەین" یان بەکارهێناوە.

هەروەها لە تاقۆسانی کرماشان، ڕۆڵەکانی دێموکرات چالاکی حیزبیان بەڕێوە برد و پەیمان و وەفاداریان بە ڕێبازی دوکتور قاسملوو نوێ کردەوە.

تێکۆشەرانی دێموکرات لە گوندی تەنگیسەر سەر بەناوچە ی ژاوەرۆی سنە بە بۆنەی ٢٢ی و پووشپەڕ و یەکەمین ساڵیادی شەهیدانی ڕاسان چالاکیی تەبلیغیان ئەنجام دا.

ئەو شوێنانەی کە چالاکیی تەبلیغی تێدا ئەنجامدرا بریتی بوون لە: کۆمپانیای گاز، کۆمپانیای نەوت، بێهداشت، مخابەرات، مەدرەسەی ئیبتدایی، ڕاهنمایی و دەبیرستان، کتێبخانەی دوکتور قاسملوو، تیر بەرقەکان، ماشێنەکانی نێو ئاوایی، نێو ماڵان، دوکانەکان، مزگەوتی جامع و مزگەوتی ژورین، بەر لاگا، دەکەڵی تەلەفزیۆن، تەعمیرگاکان ، قەسابخانە، کۆڵانەکان و ماڵی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی و پێشمەرگە قارەمانەکان.

تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری سنەی سەربەرز ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢٠ی پووشپەڕی ١٣٩٦ی هەتاوی بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ ساڵیادی تێرۆری دوکتور قاسملوو و یادی شەهیدانی ڕاسان چالاکیی تەبلیغییان ئەنجام دا.

ئەو شوێنانەی کە چالاکیی تەبلیغیی تێدا بەڕێوە چووە بریتین لە: حەسەن ئاوا، زاگرۆس، بەهاران، ویلاشار، تەکیەوچەمەن ، موارەک ئاوا، مەسناو، حاجی ئاوا، مەیدانی ئێقباڵ، نمەکی، مەیدانی مادەر وهەروەها پارکی کودەک و پارکی ئەمیریە.

هەروەها ئەندامانی حیزب لە گوندی تەنگیسەر ئاڵایەکی کوردستانیان لە بەرزاییەکانی کە وی پیرەژن بە بونە ٢٢ پووشەڕ هەڵکرد.

هەرهەمان ڕۆژ کار و چالاکی لە گوندەکانی ناوچەی لاجانی پیرانشار ئەنجامدراوە؛ ئەو ناوچانەی کە تراکت و وێنەی تایبەت بەو ڕۆژەی تێدا بڵاو کراوەتەوە بریتین لە:

"سەروکانی، ئەندیژێ، بەلەبان، کۆندرێ، زەنگیاوێ و شارۆچکەی گردکشانە".

هەر بەو بۆنەیەوە قارەمانانی دێموکرات لە چەندین شوێنی شاری مەهەبادیش چالاکیی تەبلیغیان بەڕێوە برد کە ئەو شوێنانە بریتی بوون لە:

"تەپەی قازی، زەوییەکانی شارەداری، خلورئاوا، شەقامی ئێران پەیما، فەرهەنگیان، شەقامی ئاموزش و پەروەرش، مەحمودکان، ئەسحابەی سپی، مەیدانچەی حەسەنزادە، باخی شایەگان، حەساری بیمارستان، پارکی پەرستار، بەری شیلانان، سێڕای هەمزئاوا، ورودی تاقەدار بۆ نێو شار".

ڕۆڵە نەبەزەکانی دێموکرات لە شاری کامیاران بۆ ڕێزگرتن لە ٢٢ی پووشپەڕ ساڵڕۆژی تێرۆر کرانی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی دەستیان دایە چالاکی تەبلییغی لە شوێنەکانی وەک ١٢میتری، سەرووی تەپە و دەورووبەری، شارەکی بێعسەت، لای زیندانی کامیاران، جاددەی بیارە بۆ شارەکی بێعسەت.

هەروەها تێکۆشەرانی دێموکرات لە میراوای بوکان و جادەی بورهان بۆ مەهاباد چالاکی تەبلیغییان بەڕێوەبرد؛ بەشێک لەو شوێنانەی میراوای بۆکانیش کە کاری تەبلیغی تێدا کراوە بریتین لە: باخی فەرهەنگ، بلواری بورهان، شەقامی حەمامیان، شەقامی کەرێزە، زانکۆ عیلم کاربۆردی، پردی هە وایی، دبیرستانی کچانە.

ئەویندارانی ڕێگای شەهیدانی کوردستان شەوی ٢١ لە سەر ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٩٦ لە شاری پیرانشار چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد ئەو شوێنانە بریتین لە: شەقامەکانی مەنگوور، پیران، بەهەشتی ١ و٢، خومەینی، دوکتور قاسملوو، ئیسارگەران ، جانبازان،، مەلا ڕەزا، بەسیج، کاسەکەران ، کانی جۆ، سەعدی

فەلەکەکانی: محەممەد ئۆوراز، سەردەشت، کشاورزی، هەواشناسی، قەل و قاز ، قورئان، هێمن، جمهوری ئیسلامی و چوار ڕێیانی سەعدی، مەولەوی، ئازادی، شیناوێ.

کوچەکانی بەهەشت لە ١ تا ١٢، باران ١ تا ٩، نەسیم ١ تا ٢٨، قەڵەم ، قەدم، قدو، کارناس، کەوسەر، کوبڕا، شادان ، بەهار، کامیل، کارزان، ئەسیر ، کوردستان، نیشتمان، کەسرا و دەیان کوچە و کۆڵانی دیکە و مزگەوتەکانی: حەزرەتی عومەر، ئیمام خەلیل، چوار یاری نەبی، هیجرەت، جامیعەی کۆن، جامیعەی جدید، دارولقورئان و گوندەکانی: کاسورەدێ، زێوە و کۆنە لاجان، گەزگەسکی پیران، چیانە، کارخانەی قەند، شەهرەک سەنعەتی، کەڵەکین، بندڕێ، سررو کانی، هەوارەبی، دوئاو، جەڵدیان ، شارەدێی پەسوێ و گردکشانە، کانی بوداغ ، گەرگولی سەرێ و خوارێ.

لەو چالاکیانەدا زیاتر لە ١٩٠٠ تراکت بڵاو کراونەتەوە.

ئەندامانی بە وەفای مەکتەبی قاسملوو وەک هەمیشە ڕێز و وەفاداری خۆیان بۆ حیزبە تێکۆشەرەکەمان دوویات کردەوە و بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەر لە شارەدێ نێ بۆ ماوەی ٣ خولەک چرای ماڵانیان کوژاندەوە و بەمجۆرە پشتیوانی خۆیان بە ڕێبازی قاسملوو ڕاگەیاند.

ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ناو شاری سنە بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ لە نێوان دانشگای کوردستان تاقەڕیانی ١٩ ـ ٤ درووشمی تایبەت بەم ڕۆژەیان نووسیوە.

هەروەها لە ماڵە ئاپارتمایەکانی شەهرەکی مەسکەنی هەمەدان چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە و وێنەی قەبارە بچووکی شەهید دوکتۆر قاسملوو خراوەتە حەوشەی ماڵان و دوای نیوەڕۆی ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ بەشێک لە دووکانەکانی شار بە داخران.

قارەمانانی دێموکرات بە بۆنەی ساڵڕۆژی شەهیدانی ڤییەن شەوی ٢٢ی پووشپەڕ لە شاری سنە لە بلواری شبلی، مەسناو و فەرەح چالاکیی تەبلیغییان ئەنجام دا.

ڕۆڵەکانی دێموکرات لە گوندی نێ، کانی سانان و دەرەتفێ سەر بە شاری مەریوانیش بۆ ماوەی ١٠ خولەک بە نیشانەی ڕێزگرتن لە شەهیدان پووشپەڕ بەرقی ماڵەکانیان بە تەواوی کوژاندەوە.

هەروەها ئەندامانی تێکۆشەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوچەی مەریوان بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ چالاکی تەبلیغاتییان بەڕێوە برد؛ شەوی ٢٢ی پووشپەڕ لاوانی وەفادار بە ڕێبازی قاسملوو لە ناو گوندی سەردۆش لە ناوچەی بەری بەگزادەی مەریوان دروشمی شۆڕشگێڕیان نووسی و هەروەها لە چەندین شوێن ئاڵای کوردستانیان هەڵکرد و بەڵێنی خۆیان لەگەڵ حیزبەکەیان و ڕێبازی قاسملوو نوێ کردەوە کە تا سەرکەوتن درێژەدەری ڕێگایان بن.

لە درێژەی ئەو چالاکیانەدا لە گوندەکانی نێ، کانی سانان، دەرەتفێ، پیرسەفا، یەنگیجە، کانی سپیکە و شارۆچکەی بەردەڕەشە چرای ماڵەکان بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی ڤییەن کوژاوە.

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٦ی پووشپەڕی ١٣٩٦ی هەتاوی ئەندامان ولایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ ساڵیادی تێرۆرکردنی شەهید دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی لە شاری پیرانشار تراکت و وێنەی تایبەت بەو ڕۆژەیان بڵاوکردەوە.

تێکۆشەرانی دێموکرات لەو چالاکیانەدا دروشمی وەک: بژی دێموکرات، ڕاسان بەردەوامە، بژی قاسملوویان نووسیوە و پەیمانی وەفادارییان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان نوێ کردەوە.

ڕێکەوتی ٢٧ی پووشپەڕی ١٣٩٦ی هەتاوی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەبۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ ئەنجام دا.

ئەو ناوچانەی کە تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری سەقز چالاکیی بەرینی تەبلیغیان لێ ئەنجامداوە بریتین لە: "گەڕەکەکانی حەماڵاوای سەرێ، حەماڵاوای خوارێ، تازاوا، قەرەچیاوا، ماڵە گوڵان(پارکی گوڵان)، دوو گوندی پارسانیان و گۆمەیی.

لەم چالاکییەدا سەدان تراکتی پێوەندیدار بە ساڵڕۆژی تێرۆرکرانی شەهدی دوکتوور قاسملوو و هاوڕێیانی بڵاو کراوەتەوە.

## هەیئەتێکی پارتی یەکیەتیی دێموکراتی کوردستان-سووریە و حیزبی دێموکرات دیداریان کرد

هەیئەتێکی پارتی یەکیەتی دێموکراتی کوردستان ـ سووریە سەردانی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد.

دوانیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە ٢٥ی پووشپەڕی ١٣٩٦ی هەتاوی بەرانبەر بە ١٦ی جولای٢٠١٧ هەیئەتێکی پارتی یەکیەتی دێموکراتی کوردستان ـ سووریە بە سەرپەرەستی بەڕێز ئەحمەد چەتوو ئەندامی مەکتەبی سیاسی سەردانی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد و لەلایەن هەیئەتێکی ڕێبەرایەتی حیزب بە سەرپەرەستی بەڕێز "حەسەن شەرەفی"، جێگری سکرتێری گشتی حیزب پێشوازییان لێکرا.

هەیئەتی میوان لە باسی وەزعی سووریە و دۆزی کورد لەو وڵاتە بە وردی ئاماژەیان بە گیروگرفتە ئەساسییەکانی وەزعی سووریە و درێژەکێشانی شەڕ و ماڵ وێرانی کرد و دەست تێوەردانەکانی وڵاتانی ناوچە بە تایبەت ئێران و چەند وڵاتی زلهێزیان لە کاروباری سووریە بەهۆکاری درێژەکێشانی شەڕ و بێ ئاکام بوونی ڕەوتی وتووێژەکان زانی و لە نێوەشدا یەک نەگرتوویی هێزە کوردییەکانی ڕۆژئاوا و دەخاڵەتی هێزی کوردی لە پارچەکانی دیکە شوێندانەری نەرێنی لەسەر دۆزی کورد لە ڕۆژئاوا داناوە.

بەو حاڵەش هیوابڕ نەبوون لەسەر ئەوەیکە کورد لە ڕۆژئاوا بە بەشێک لە مافەکانی خۆی بگا.

هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش وێڕای ئاماژە بە لایەنەکانی کێشەی سووریە و وەزعی گشتی دۆزی کورد لە خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵات و ڕاسانی ڕۆژهەڵات بۆ هەیئەتی میوان باس کرد و ئامانجەکانی ڕاسانی شیکردەوە و پێداگری حیزبی لەسەر ئەم شێوە خەباتە یانی گرێدانی خەباتی شار و شاخ دوویات کردەوە.

## پێشانگایەکی وێنەی سەرشەقام بۆ پشتیوانی لە ڕاسانی ڕۆژهەڵات لە وڵاتی سوئیس بەڕێوە چوو

کۆمیتەی سوئیسی حیزبی دێموکرات بە هاوکاری کۆمیسیونی ڕاگەیاندنی حیزب پێشانگایەکی وێنەی سەرشەقامیان لە شاری بێرن لە مەیدانی "وایسن هاوس پلاتس"ی نزیک لە پارلمانی سوئیس بەڕێوە برد.

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٤ی پووشپەڕی ١٣٩٦ی هەتاوی لە شاری بێرن لە مەیدانی "وایسن هاوس پلاتس"ی نزیک لە پارلمانی سوئیس لە هەنگاوێکی کەم وێنەدا کۆمیتەی سوئیسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هاوکاری کۆمیسیونی ڕاگەیاندنی حدکا پێشانگایەکی وێنەی سەرشەقامیان بەڕێوە برد.

پێشانگاکە لە کاتژمێر ١١:٣٠ خولەک بە دوای ئامادەکاریی تەواوی دەستەی بەڕێوبەری پێشانگاکە بە ڕووی خەڵکدا کرایەوە.

ئامانج لە ڕێکخستنی ئەو پێشانگایە دانی زانیاری لە سەر ڕاسانی خۆرهەڵات و دۆخی مافی مرۆڤ لە کوردستان و ئێران و هەروەها خستنە بەردیدی دەیان وێنە لە حوزوری پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە قوڵایی خاکی کوردستان لە وەرزی ڕابردوودا بوو.

لەو پێشانگایەدا بە زمانەکانی ئاڵمانی، فەرانسەویی، ئینگلیزی بەردەوام لە لایەن دەستەی بەڕێوەبەری پێشانگاکە زانیاری ورد لە سەر هەر کام لە وێنەکان و ڕاسانی خۆرهەڵات دەدرا بەو کەسانەی کە سەردانی پێشانگاکەیان دەکرد.

هەروەها لە دەوروبەری پێشانگاکە بە سەدان بەرگەی نوسراوە لە سەر ڕاسانی خۆرهەڵات و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێڕان بە زمانە زیندووەکانی دونیا لە لایەن ئەندامانی حیزبەوە دەدرا بەو کەسانەی کە لەو نزیکانەوە تێدەپەڕین.

شایانی باسە کە پێشانگاکە،پێشوازی بەرچاوی خەڵکی سوئیسی بەدواوە بووە و لە کاتژمێر ١٥:٠٠ی ئێوارە کۆتایی پێهات.

کۆمیتەی سوئیسی حیزبی دێموکرات وێڕای دەستخۆشی لە هاوڕێیانی کومیسیونی ڕاگەیاندنی حیزب، دەست خۆشی و ماندوو نەبوون لە هەموو ئەو خۆشەویستانەی دەکات کە لە سەرەتاوە تا کۆتایی پێشانگاکە ماندوونەناسانە و بە پشوو درێژی تەواوەوە هاوکاری کومیتەی حیزب بوون لە سەرخستنی ئەو پێشانگایە.



### درێژەی پەیف

نێو دڵی خەڵکدا، وەکوو فودانەیێکی زەلامی بێنێوەڕۆک تەقییەوە و ئێستا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ماوەتەوە و دونیایەک کێشەی نێوخۆیی و ئەمنیەتی و شەڕی باندەکانی لە نێوخۆیاندا و کوردستان وەک هەمیشە بۆتە مۆتەکەی ژیانی ڕێژیمە تیرۆریستەکانی تاران!

ئامادەترین و تازەترین بەڵگە بۆ ئەم لێدوانەش ئەو یادداشتەی شەونامەی کەیهانی تارانە کە لە بەیتی ڕێبەریی ڕێژیمەوە ئامادە و بڵاو دەکرێتەوە. لە یادداشتی ڕۆژی ٢٧ی پووشپەڕی ئەو ڕۆژنامە بە نووسینی سەعدوڵا راعی ناوێک دەڵێ:

" لەو کۆبەندیانەی لە مانگەکانی دواییدا لە ئێران کراوە، ئەو ئاکامەی لێ گیراوە کە خاڵی هەڕەشەی ئەمنیەتی سەر ئێران ناوچەی باکووری ڕۆژئاوایە"، دەقە فارسیەکەی بەم شێوەیە :" در ایران در ماەهای اخیر این جمع‌بندی پدید آمد کە کماکان نقطە تهدید امنیتی ایران در مناطق شمال غربی است."

بە زمانێکی سادە دەڵێ کە لە بەیتی ڕێبەری کۆبوونە گیراوە و گەیشتوون بەو ئاکامە کە وەکوو هەمیشە کوردستان هەڕەشەیە بۆ سەر ڕێژیمی ویلایەتی فەقیە.

بوونی پێشمەرگەی کوردستان مۆتەکەیە بۆ سەر ژیانی سەرەڕۆیان و تێرۆریستپەروەران.

### مستەفا هیجری:

# بێجگە لە ئێرانییەکان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بە دەگمەن دەبینین کە دوو لایەن لە مێزی وتووێژ کەڵک وەربگرن تاکوو لایەنێک لایەنەکەی دیکە لە نێو بەرێ




**مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێوڕەسمی ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٩٦ای هەتاوی**

هاوڕێیانی خۆشەویست
خوشک و برایانی بەڕێز
میوانانی هێژا

سڵاوێکی گەرمتان لێبێ و بەخێربێن بۆ کۆڕیادی پۆلێک لە شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لە ڕێگای خەباتی نیشتمانەکەماندا لەو ڕۆژەدا گیانیان لە دەست دا.

ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی شەهید دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو هاوڕێ لەگەڵ کاک "عەبدوڵڵای قادری ئازەر" ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵات و کاک فازڵ لە کۆبوونەوەیەکدا لە ڤیەن کە قەرار بوو بە مەبەستی وتووێژ کردن بۆ دیتنەوەی ڕێگا چارەی ئاشتی خوازانە بۆ چارەسەریی مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵات جێبەجێ بکرێت بە دەستی بە کرێ گیراوانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران شەهید بوون.

ئێمە لەو ڕۆژەوە تاکو ئێستا هەموو ساڵێک لەو بۆنەیەدا، لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا، لە سێمینارەکاندا، یادی ئەو شەهیدە خۆشەویستانەمان بەرز ڕادەگرین؛ پێویستە ئەوەشتان عەرز بکەم کە لە ڕاستیدا هیچ ڕۆژێک و هیچ مانگێک لە ساڵدا نییە کە کۆمەڵێک لە تێکۆشەران و چالاکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەربەرەکانێ لەگەڵ ڕێژیمی ئێران گیانی خۆیان لە ڕێگای نیشتمانەکەیاندا فیدا نەکردبێت. مانگی پووشپەڕیش هەر یەکێک لەو مانگانەیە؛ ئەمن ئیجازەتان لێدەخوازم لە پێش ئەوەیدا کە چەند وتەیەک لەسەر گەورەیی و تەئسیراتی شەهید دکتور قاسملوو لە حیزبی دێموکراتدا باس بکەم، ئاوڕێک لە شەهیدەکانی پووشپەڕمان بدەمەوە؛ لە ٢٤ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٧٨ی هەتاوی هاوڕێی تێکۆشەرمان ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزب کاک "سەلامی عەزیزی" بە نەخۆشییەکی کوت وپڕ شەهید بوو.

کاک سەلام یەکێک لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو کە لە سەرەتای دەستپێکردنەوەی دووبارەی خەباتی حیزبی دێموکرات دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی تێکەڵ بە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو و تا کاتی شەهیدبوونی بێ وچان لە ڕێگای بەرەو پێش بردنی کارەکانی حیزبی دێموکرات تێکۆشان و فیداکاری کرد.

بێجگە لەوە لە مانگی پووشپەڕی ساڵی ڕابردوودا پۆلێک لە پێشمەرگە و کادرە وەفادار و تێکۆشەرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە خەباتێکدا کە لە ڕۆژهەڵات بە خەباتی "ڕاسانی ڕۆژهەڵات" دەناسرێ لە چەندین شوێنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە قوڵایی وڵاتدا لە بەربەرەکانێ لەگەڵ ڕێژیمی درندەی کۆماری ئیسلامی ئێران گیانی خۆیان لە دەستدا، ڕژانی خوێنی ئەو شەهیدانەمان خوێنێکی نوێی بە ڕەگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و جوڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا وە حەرەکەت خست کە تاکوو ئێستاش ئەو حەرەکەتە لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لە نێو کادر و پێشمەرگەکان لە نێو هەموو ئەندامان و هەموو نیشتمانپەروەرانی کورد لە ڕۆژهەڵات و بەشەکانی دیکەی کوردستاندا شوێنەوارەکەی بەرچاوە؛ ئێمە لێرە بۆیە کۆبووینەتەوە تا بۆ جارێکی دیکە ڕێز و ئەمەگناسی خۆمان پێشکەش بە وەفاداری، نیشتمانپەروەری و قارەمانەتی هەموو ئەو خۆشەویستانە بکەین کە لە ڕێگای ئازادی گەلەکەیاندا و لە پێناو ئامانجی حیزبەکەیاندا گیانی خۆیان فیدا کرد.

سڵاو لە گیانی پاکی هەموویان، سڵاو لە ئەندامانی بنەماڵەکانیان لە پێوەندی لەگەڵ شەهید دوکتور قاسملوودا لە ماوەی ٢٨ ساڵی ڕابردوو، کتێبی زۆر نووسراوە، وتاری زۆر لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوبۆتەوە، زۆر کەسایەتی و شەخسیەتی سیاسی، ئایینی، نیشتمانپەروەر، قسەیان لەسەر کردووە کە جێی خۆیەتی و هەڵیدەگرێ کە زۆر لەوە زیاتریش باسی لەسەر بکرێت، بەڵام چونکە لێرە کاتی باسێکی زۆر نییە من دەمەوێت لەسەر یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شەهید دوکتور قاسملوو بدوێم کە کەمتر ئیشارەی پێکراوە وە هەروەها بۆخۆی جێگای فێربوونە؛ وەکوو زۆربەی ئێوە دەزانن کە تێکۆشانی سیاسی شەهید دوکتور قاسملوو لەو کاتەدا کە مێرمنداڵێک و گەنجێک بوو لە حیزبی "تودە"ی ئێراندا دەستی پێکرد. ئەو کاتە حیزبی تودە کە لە ئێراندا پێکهات وەکوو حیزبێکی مۆدێرن و پێشکەوتوو لە ماوەیەکی کەمدا بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەی کرد و هێزێکی گەورەی لە لاوانی ئێرانی بە دەورەی خۆیدا کۆکردەوە؛ دوکتور قاسملوو کار و تێکۆشانی سیاسی خۆی لەو حیزبەدا دەستپێکرد. ئەودەم بە گوێرەی ئەو بیر و باوەڕەی کە لە نێو خەڵکەکەماندا و لە نێو ئێراندا هەبوو بیر و بۆچوونەکە زۆرتر ئەوەبوو کە ئەو حیزبەیە کە دەتوانێ هەژاران، کرێکاران و نەتەوەکان لە ژێردەستی ڕزگار بکا و بە مافی خۆیانی بگەیێنێت؛ دوکتور قاسملووش هەر بەو نیەتەوە لەو حیزبەدا دەستی کرد بە کار و تێکۆشان. لە یەکێتی لاوانەوە دەستی پێکرد هەتا لە ماوەی ١٠ ساڵ تێکۆشان لەو حیزبەدا بوو بە کادرێکی ناسراوی ئەو ڕێکخراوەیە، بەڵام ئەو گرفتانەی کە لە حیزبی تودەدا پێکهات وەکوو ئەوەیکە چارەنووسی کورد لەو حیزبەدا لێڵ و تاریک بوو، مەعلوم نەبوو چی بۆ کورد دەوێت، بێجگە لەوە بەستراوەیی بە سۆڤیەت بە تایبەت ئەو کاتەی کە ڕێژیمی پاشایەتی کودەتای کرد بەسەر "محەممەدی موسەدیق"دا کە هەموو خەڵکی ئێران و دنیا چاوەڕوانی ئەوە بوون کە دوکتور موسەدیق دەتوانێ حکومەتێکی گەلی دێموکرات و ئازاد لە ئێراندا پێک بێنێت بەڵام پشتیوانی سۆڤیەت و حیزبی تودە بە تەئسیر وەرگرتن لە سۆڤیەت بوو بە هۆی ئەوەیکە کودتای دژی دوکتور موسەدق شکست بخوات و ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەفسەرانی حیزبی تودە کە ئەودەم لە ئەرتەشی ئێراندا کاریان دەکرد ئێعدام بکرێن. دوای ئەوە ڕووداوی دیکەی زۆر هاتنە پێشێ کە بەداخەوە فرسەت نییە لێرەدا هەموویان باس بکەین تا دووبارە دوکتور قاسملوو خۆی لە چێکۆسلۆواکی دیتەوە؛ هێرشی ئەرتەشی سوور بۆ سەر چێکۆسلۆواکی و تێکدانی بەهاری پڕاگ شوێندانەریەکی زۆر گەورەی لەسەر بیر و هزری دوکتور قاسملوو دانا؛ دوکتور قاسملوویەک کە خولیای دێموکراسی و ئازادی گەلان بوو بەڵام لەوێ بە چاوی خۆی دیتی کە لە شوێنێکدا تانکەکانی سۆڤیەت لە شەقامەکانی چێکۆسلۆواکی دابەزین و بەهاری پڕاگ کە تازە دەستی پێکردبوو وەک بەهاری دێموکراتی تێکیانەوە

پێچا. ئەوانە هەموویان بۆ دوکتور قاسملوو پرسیاری خوڵقاند ئەو پرسیارانە بوون بە هۆی ئەوەیکە دوکتور قاسملوو بگا بەو ئاکامەی کە دەبێت ڕێبازی سیاسی خۆی لە حیزبی تودە جیا بکاتەوە وە ئەوە بوو کە لەگەڵ چەند کەسێک لە ئەندامانی حیزبی دێموکرات کە دوای ڕووخانی کۆمار بڵاو ببونەوە یەکبگرێتەوە و هەوڵ بدەن "حیزبێکی دێموکراتی نەتەوەیی پێشکەوتنخوازی سەربەخۆ" بنیاد بنێنەوە؛ لەوێڕا کار و تێکۆشانی دوکتور قاسملوو لە حیزبی دێموکراتدا دەست پێدەکات وەکوو بۆ خۆشی لە "چل ساڵ خەبات"دا باس دەکات دەنووسێ: "لە بەهاری ساڵی ۱۹۵۳ ڕاستەوخۆ لە تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتدا بەشداریم کردووە". لەو ڕۆژەوە تا ئەو کاتەی دوکتور قاسملوو شەهید دەبێت یەکێک لە ڕێبەرە هەرە شوێندانەرەکان، تێکۆشەرەکان وە بە هزر و بیرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووە. یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە بەرزەکانی دوکتور قاسملوو بە بۆچوونی من ئەوە بوو کە هەر بەوە ڕازی نەبوو کە حیزبەکەی سەرتۆپی خەبات و تێکۆشان لە ڕۆژهەڵات بێت بەڵکوو هەمیشە بیری دەکردەوە شتی تازە بێنێتە کایەوە، لە قەیرانەکاندا بیر و هزری وی بوو کە حیزبی دێموکراتی دەبردە پێش، دوکتور قاسملوو لە فکری دواڕۆژی حیزبەکەی و کۆمەڵگاکەیدا بوو، قانع نەبوو بەوەیکە هەیە بەوەیکە هەبوو بەڵکو بیری دەکردەوە دەبێت چی بکا تا حیزبەکەی لە داهاتووشدا هەروا سەرتۆپ و دیار بێت، بۆیە دەبینین کە دوای ئەوەیکە دوکتور قاسملوو دێتەوە نێو حیزبی دێموکرات، حیزبی دێموکرات دەکاتەوە بەو حیزبەی کە باسم کرد: "حیزبێکی پێشکەوتنخوازی سەربەخۆ" کە ئەو پێشکەوتنخوازی و سەربەخۆییەی بە شکڵێکی نوێ لە تەشکیلات و سیاسەتی حیزبدا جێبەجێ کرد بە ئامادە کردن و تەنزیم کردنی بەرنامە و پێڕەوێکی نوێ کە بتوانێ ئەو ئامانجە جێبەجێ بکات.

لەو سەردەمەدا لە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتدا دوو بیر و بۆچوونی دژ بە یەک لە بەربەرەکانێدا بوون کە کاتی زیاتری لە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی دەگرت: یەکێکیان، ناسیۆنالیزمی تەنگ نەزەر کە بێجگە لە کورد هیچ شتێکی دیکەی نەدەدیت، لایەنێکی دیکەش فکری پاشماوەی فکری تودەیی کە پێیان وابوو دەبێت حیزبی دێموکرات بەستراوە بێت بە سۆڤیەت و هەرچی سۆڤیەت دەیڵێت دەبێ ئەوە جێبەجێ بکەن. دوکتور قاسملوو هەوڵێکی زۆریدا کە شوێن دابنێ لەسەر ئەو دوو بۆچوونە هەڵەیە و زیاتر لە دە ساڵ لە حیزبی دێموکراتدا بۆ ئەم مەبەستە کاری کرد و سۆسیالیزمی دێموکراتیک یا بڵێین کورتە باسێک لەسەر سۆسیالیزم کە دوکتور قاسملوو هێنایە ئاراوە و لە کۆنگرەی شەش بە پەسندی کۆنگرەی گەیاند لە پێناوی ئەو مەبەستەدا بوو؛ بۆ ئەوەیکە حیزبی دێموکرات لە فکری ڕاستی ئیفراتی و هەروەها لە چەپی تودەییڕا بکا بە حیزبێکی دێموکراتیک کە لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێت و لە پێناوی ئازادی و دێموکراسی بۆ گەل و نەتەوەکەی خۆیدا کار بکات.

ئەو خەباتە کە دوکتور قاسملوو دەستی پێکرد تێئۆرییەکی سیاسی بوو کە هەر لە نێو حیزبی دێموکراتیشدا نەیاری زۆری بۆ پێک هێنا؛ لەلایەکەوە ئەوانەی کە پێیان وابوو هێنانی فکری سۆسیالیزمی دێموکراتیک حیزبی دێموکرات لە سۆسیالیزم لادەدات و بەرەو ڕاست دەچێ، لە لایەکی دیکەشەوە هەڵگرانی فکری ناسیۆنالیزمی تەنگ نەزەر کە پێیان وابوو دوکتور قاسملوو هەر وابەستەیە بە حیزبی تودە و لە ڕاستای فکری ئەواندا کار دەکات.

لە پێوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا کۆسپی زۆری بۆ هاتە پێشێ تەنانەت لە کۆنگرەیەکدا کە سوسیالیزمی دێموکراتیک پەسەند کرا بە جیاوازی یەک دوو دەنگ پەسەند کراو بوو بە بەرنامەی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران؛ دوای ئەوەیکە پەسەند کرا بە دەیان کەس لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات کە بەو فکرە گۆشکرا بوون کە سۆسیالیزم بۆ خۆی لە خۆیدا دێموکراسی تێدا هەیە و سۆسیالیزمی دێموکراتیک کە لە حیزبی دێموکراتدا پەسەند کراوە حیزبی دێموکرات بە لاڕێدا دەبات ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتیان بەجێهێشت، تەنانەت مەسەلەیەک کە دوکتور قاسملوو بۆ چارەسەر کردنی قەیرانی ڕێبەرایەتی لە ماوەیەکدا کە لە حیزبی دێموکراتدا هاتە پێشێ مەسەلەی لیستەی فیکسی لە کۆنگرەدا مەترەح کرد ئەویش بۆخۆی بوو بە گیر و گرفتێک لە حیزبدا و ئینشعابی لێ دروست بوو بەڵام دوکتور قاسملوو چونکە باوەڕی هەبوو و پێداگری لەسەر کرد؛ لێرەدا مەبەستم ئەوەیە هاوڕێیانی خۆشەویست ئەوەتان عەرز بکەم کە کاتێک دوکتور قاسملوو دەگەیشتە ئەو قەناعەتەی کە بۆ ڕوونکردنەوەی داهاتووی حیزبەکەی و بەربەرەکانی کردن لەگەڵ ئینحراف و ڕاست ڕەوی و چەپ ڕەوی دەبێ فکری نوێ، ئیدەی نوێ و میکانیزمی نوێ بهێنێتە نێو حیزبەکەی هەموو ئۆتۆریتە و کار و توانای خۆی سەرفی ئەو مەسەلەیە دەکرد،هیچ باکیشی لەوە نەبوو کە ئیتهامی لێدەدرێ و کارشکەنی دەکرێ، لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە کە باسی ئەوە بکەم کە هەمووی ئەو ئیبتکارو دەستپێشخەرییانە کە دوکتور قاسملوو لە پێناوی ڕوونکردنەوەی داهاتووی حیزبەکەی دەیکرد چەند سەرکەوتوو بوون و چەند سەرکەوتوو نەبوون، ئەوە بۆخۆی هەڵگری باسێکی دوورو درێژە، مەبەستم ئەوەیە کە ئەوەتان عەرز بکەم بەبیروباوەڕی من دوکتورقاسملوو لە بەرانبەر کەم وکورییەکان، لە بەرانبەر ئینحرافەکان، لە بەرانبەر کۆسپەکاندا بێ تەفاوەت نەبوو؛ ئەو وەک چاولێکەرێک لە مەیدانی حیزب دێموکراتدا نەبوو، مێشکی وە کار دەخست، فکری دەکردەوە، موتاڵای دەکرد بۆ ئەوەی ڕێگە حەل بیبنێتەوە قەیرانەکان چارەسەر بکات، ئەگەر ناڕوونیەک بۆ داهاتووی حیزبی دێموکرات هەیە بتوانێ ئەو ناڕوونیانە ڕوون بکاتەوە، تەنانەت دەمەوێ ئەوەتان عەرز بکەم کە ملدانی دوکتور قاسملوو بۆ وتوویژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە پێناو ئەو مەسەلەیە بوو، ئێستا ئەگەر وتووێژەکە باش تەرتیب نەدرابوو، کەمتەرخەمی تێدا بوو، ئەوە هیچ شتێک لە گرینگی مەسەلەکە کەم ناکاتەوە، بەڵام دوکتور قاسملوو بۆیە پێی نایە مەیدانی وتوویژ لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ ڕوون کردنەوەی داهاتووی حیزبەکەی و گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات ، بەڵام ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەو نیەت پاکیەی دوکتور قاسملوو کەڵکی خراپی وەرگرت، ڕێژیمێکی دڕندە کە وەفا و عەهد و پەیمانی بە هیچ شتێک نییە.

بێجگە لە ئێرانییەکان، پێداگری لەسەر دەکەمەوە، بێجگە لە ئێرانییەکان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بە دەگمەن دەبینین کە دوو لایەن لە مێزی وتوویژ کەڵک وەربگرن تاکوو لایەنێک لایەنەکەی دیکە لە نێو بەرێ بەڵام لە نێو ئێرانییەکاندا بە داخەوە ئەوە هەبووە کە دوکتور قاسملوو لەو مەیدانەدا شەهید بوو. ئێمە لەبارەی دڕندەیی و دوژمنایەتی کردن لەگەڵ کورد و وێران کردنی کوردستان، داستانی زۆرمان لە سەدام حوسێن بیستوە و هەمووشیان ڕاست بوون؛ بەشێکی زۆری ئێمە لانیکەم ئەوانەی لێرە دانیشتوون زۆرمان بە چاوی خۆمان دیوە بەڵام تەنانەت سەدام حوسێن لە کۆبوونەوەی وتووێژەکان بۆ چارەسەر کردنی مەسەلەی کورد لەگەڵ نەیارەکانی خۆی قەت لەو پیلانە چەپەڵە کەڵکی وەرنەگرت؛ "چەنگیز چاندار" ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی تورک کە بە بۆچوونی من یەکێک لە سیاسەتوانە هەرە بەرزەکانی تورکە و دۆستی کوردە لە کتێبەکەی خۆیدا بەناوی "شەمەندەفەری میزۆپۆتامیا" ڕووداوێک دەگێڕێتەوە کە تەئیدی ئەو قسەی من دەکا کە لێرە عەرزتانی دەکەم؛ چەنگیز چاندار باس لەوە دەکات دوای ئەوەیکە ڕێژیمی سەدام حوسێن ڕووخا کاک نەوشیروان مستەفا وەکوو نوێنەری یەکیەتی نیشتمانی لە مەجلیسی حوکمدا بەشداری دەکرد. لە بەغدا چەنگیز چاندار لەگەڵ چەند نەفەرلە ڕەفیقەکانی خۆیدا دەچن بۆ چەندین ڕۆژ لەوێ وەکوو میوانی کاک نەوشیروان دەمێننەوە، چەنگیز باس لە ڕووداوێک دەکا، دەڵێ: "ڕۆژێک هەر لەو ڤیلایە کە لێی دادەنیشتین یەکێک لە دەزگاکانی سەدام حوسێن بوو کاک نەوشیروان بۆی گێڕامەوە گوتی چەنگیز ئەو ڤیلایە و ئەو ژوورە بۆ خۆی مێژوویەکی تایبەتی هەیە؛ بۆی گێڕامەوە گوتی لە ساڵی ۱۹۸٤ ئەو کاتەی ئێمە بۆ یەکەم جار هەیئەتی یەکیەتیی نیشتمانی هاتبووین بۆ وتوویژ لەگەڵ سەدام حوسێن و وتووێژەکان زۆر بەباشی چووبونە پێشێ لە ئاشتی نزیک ببوینەوە؛ هیوا لە دڵمان دروست ببوو ڕۆژێک سەدام حوسێن هات لەسەر ئەو کورسیەی تۆ لەسەری دانیشتویت دانیشت و ڕووی لە ئێمە کرد و گوتی: هاوڕێیان داوای لێبوردنتان لێدەکەم من چی دیکە ناتوانم لەگەڵ ئێوە ئەو وتووێژە درێژە بدەم، چونکە تورکەکان هاتون پێیان گوتوم ئەو وتووێژە و بە ئەنجام گەیاندنی بۆ ئێمە قابلی قبووڵ نییە ئەگەر ئەو کارە بکەی ئێمە بۆڕی نەوتەکانی کەرکوک کە دەچێ بۆ "یومورتالک" ئەو بۆڕیانە قەتع دەکەین؛ سەدام حوسێن گوتی برادەران من توانای ئەو بەربەرێکانەم لەگەڵ تورکەکان نیە بۆیە مەجبورین وتووێژەکانمان لێرە کۆتایی پێ بێنین؛ دەڵێ هەر لەوێ سەدام حوسێن دەستووری دا کە چەندین نەفەر لە مەئمورینی موخابرات لەگەڵ پۆلیس هەیئەتی وتووێژی کورد کە یەکیەتی بوون هەمراهی کرد تاکوو هێنایانەوە لە مەنتەقەی ژێردەسەڵاتی خۆیان بەڕێیان کردنەوە. کاک نەوشیروان لێرەدا دەڵێ: بەڵێ ئێمە چووینەوە و ئاگربەست کۆتایی هات و شەڕەکانمان دەست پێکردەوە، ئەوە شێوەی وتوویژ و حەرەکەتی سەدام حوسێن بوو لەگەڵ تیمی وتووێژی کورد کە چەندین ساڵ پێکەوە شەڕیان کردووە بە هەزاران کەسیان لە یەکتری کوشت."

لە وتوویژێکدا لە بیرمە کاتێک کە بە نێونجی گەری شەهید دوکتور قاسملوو لەنێوان مام جەلال و سەدام حوسێن پێکهات و هەیئەتی یەکیەتی نیشتمانی چوون بۆ بەغدا بۆ وتوویژ، دوکتور قاسملوو هاتەوە بە ئێمەی گووت کە مام جەلال داوای کردووە گوتویەتی ئێمە هەیئەتمان دەچین بۆ بەغدا، بۆ خۆشم لە گەڵم چ زەمانەتێک هەیە کە بڕۆین بۆ بەغدا؟ دوکتور قاسملوو ئەو پرسیارە لە سەدام حوسێن دەکا سەدام حوسێنیش پێی دەڵێ پێیان بڵێ سەدام حوسێن زامنە، بە ڕاستی دیتمان کە لە چەندین قۆناغدا هەیئەتەکانی کورد بە تایبەت یەکیەتی نیشتمانی کە لە وتووێژەکاندا بەشداری دەکرد چوونە بەغدا و هەموویان بە سڵامەتی گەڕانەوە، ئەوانە نموونەگەلێکن کە کاتێک بەراوردیان دەکەین لە نێوان دیکتاتۆرەکان بۆمان دەردەکەوێ کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران تا چ ئاستێک نزم و بێ ڕەوشت و بێ وەفایە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پێی وابوو بە شەهید بوونی دوکتوور قاسملوو خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵات بێدەنگ دەبێ؛ بێجگە لەوە لە تەواوی تەمەنی خۆیدا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەوڵی دا بۆ ئەوەیکە خەباتی نەتەوەکانی تر لە ئێران و خەباتی کورد لە بەشەکانی دیکەشدا توشی نسکۆ و شکست و زەلیلی بکا، بەڵام ئێستا ئێمە شاهیدی مەرحەلەیەکی دیکە و سەردەمێکی نوێین لە مێژووی کورد لە هەموو بەشەکاندا سەرەڕای ئەوەیکە دیکتاتۆرەکانی وەکوو سەدام حوسێن وەکوو حکومەتی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەمووان خراپتر لێرەدا تاقی کردوەتەوە، ئێستا لە باکوور و لە ڕۆژئاوا کورد لە خەباتی خۆیدا گەرم و گوڕە و لە ڕۆژهەڵاتیش خەبات بە شێوەی خۆی بەردەوامە، لە باشوور کە خەڵکەکەی دوای ڕووخانی ڕێژیمی سەدام حوسێن حکوومەتێکی خۆجێییان بۆ خۆیان دروست کرد سەرەڕای هەموو موخالفەتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و نەیارانی کورد ئێستا خەریکی ئامادەکارین بۆ گشتپرسییەک کە خەڵکەکە چارەنووسی خۆی دیاری بکا ئایا وڵاتێکی سەربەخۆیی هەبێ یان لەگەڵ عێراق بمێنێتەوە کە ئەوە گەورەترین کێشەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانە. ئەگەرچی هەموو نەیاران و دوژمنانی دیکەی کوردیش لەگەڵ ئەو فکرەن وە لەگەڵ ئەو حەرەکەتە دژایەتی دەکەن، بەڵام کۆماری ئیسلامی ئێران لەگەڵ ئەوەیکە هەموو ئەو پیلانانەی بەکار هێناوە و بەڕواڵەت دەیهەوێ وا نیشان بدات کە قارەمانێکی سەرکەوتویە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نفوزی خۆی لە هەموو جێگەیەکدا پەرەپێداوە ڕاستیەکەی ئەوەیە کە لە بەشێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا لە ڕاستیدا باتلاقێکی بۆ خۆی دروست کردووە کە تێیدا خەریکە حەرەکەتی مەرگ دەکا.

خەڵکی ئێران لە سەرەتادا وەک خەڵکی دیکەی دونیا هەموو هەڵیان ئەوە بوو کە ئێران بتوانێ بگەڕێتەوە بۆ باوەشی دنیای پێشکەوتوو و حەرەکەتێکی ئازاد و دیموکرات بە نیسبەتی خەڵکەکەی خۆی و خەڵکی دیکە لە دنیادا ڕەچاو بکات، ئێستا ڕێژیمێکی دیکەیە لە بۆچونی خەڵکدا؛ ئەگەر پێیان وابوو دوای بەرجام ئێران بەرووی دنیادا دەکرێتەوە و بۆ خەڵکەکەی خۆی ئەمنیەت دابین دەکات ئێستا بیر و بۆچوونێکی دیکە لەلای ڕۆژئاوایەکاندا هەیە بەنیسبەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە. لە پێوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا ئەمن لە دوایین سەفەرەکانمدا کە سەفەری بریتانیام کرد هەموو جارێ لە باڵوێزخانەی ئەمریکا لەگەڵ خانمێک چاو پێکەوتنێکم دەکرد کە بەرپرسی بەشی خۆرهەڵاتی نێوەڕاستی باڵوێزخانە بوو، خانمێکی سیاسی تێگەیشتوو کە چەندین کاتژمێر لەگەڵی دانیشتووم و باسی وەزعی ئێرانم کردووە؛ ئەوکات حکومەتی ئۆباما لەسەر کار بوو ئەویش بەردەوام باسی ئەوەی دەکرد و دەیگووت: "ئێمە لە نێو وڵاتانی دیکەدا دەخاڵەت ناکەین ئێمە نامان هەوێ دەخاڵەت کەین بۆ ئاڵوگۆڕ لە حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێراندا بە قەولی خۆیان دەیگووت ئێمە "پاڵەسی چەینج" دەکەین دەمانهەوێ سیاسەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران بگۆڕین، من لەو بارەدا چەندین کاتژمێر قسەم لەگەڵ کرد کە ئێوە و هیچ کەسێک ناتوانێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران و سیاسەتەکەی بگۆڕێ بەڵکوو ئەوە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانە کە پێی وایە سیاسەتیی وی ئەوەندە دروستە کە هەموو دنیا دەبێت بێتە سەر سیاسەتی وی."

ئاخرین جار کە چووم و چاوم پێی کەوت بۆ پێشوازی من هاتبووە بەر دەرکی ساڵۆنەکە؛ هاتە پێش و بە پێکەنینەوە گوتی: "ئێستاش هەر بیر لە ڕێژیم چەینج دەکەیتەوە؟" یانی دەتەوێ حکومەتی ئێران بگۆڕی گوتم: "بەڵێ ئێستاش دەمهەوێ حکومەتی ئێران بگۆڕم، ئەنگۆش ڕۆژێک دێنە سەر ئەو باوەڕەی بەڵام ئەو ڕۆژە زۆر درەنگ دەبێ و هەردووک لامان هەزینەی زۆری بۆ دەدەین."

ئێستا وەزعیەتەکە چۆنە؟ ئێستا وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەمریکا بە ئاشکرا باس لە گۆڕینی سیستمی حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکات، کۆماری ئیسلامی کە پێی وابوو دەتوانێ دنیا فریو بدا و خۆی بە قوربانی دەستی تیرۆریزم و داعش نیشان بدا و بۆ ئەوە زۆر پیلانی ساز کرد بەڵام ئێستا ئەوەیکە لە کۆڕ و کۆبوونەوە بڕیاردەرەکانی دنیادا باسی لەسەر دەکرێ ئەوەیەکە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران وەک حکومەتێکی تیرۆرست و گرینگترین یارمەتیدەری تیرۆریست دەناسرێ، کە وابوو مەسەلەی تیرۆر و سەرکوت و زەبر و زەنگ، ئەنفال و ئێعدام ناتوانێ میلەتێکی ئاگا کە مافی خۆی ناسیوە و ئامادەیە بۆ وەدەست هێنانی مافەکەی هەزینە بدا، هەرچەند هەزینەکە قورس و گران بێ، بەچۆکیدا بێنێ، ئێستاش ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی مەترسیدارترین دوژمنی کوردە، مەترسیدارترین دوژمنی سەقامگیری و ئاشتییە لە ناوچەدا.

یەکێک لە خەمە گەورەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران ئێستا ئەوەیە کە داعش بەرەو لاوازی دەچێ چوونکە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەژێر سایەی داعشدا توانی نفوزی خۆی لە مەنتەقەدا پەرەپێبدا ڕێژیمێک کە نەک بۆ کورد بەڵکوو تەنانەت بۆ وەفادارترین یارانی ئیمام خومەینی و خەباتکارانی کۆماری ئیسلامی ویلایەتی فەقیهی نییە و ئێمە مەرحەلە بە مەرحەلە ئەوە دەبینین ؛ئەو بێ وەفاییە بە نیسبەتی یارانی خۆیان، بۆیە پێمان وایە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران ئێستا سەرەڕای ئەوەیکە دەیهەوێ خۆی بەهێز و بەتوانا نیشان بدا لە نێوخۆی وڵاتدا لە نەزەر خەڵکی ئێران بە گشتی لە خراپترین وەزعی خۆیدایە، خەڵکی ئێران بێزارن و نفرەتیان لەو ڕێژیمە هەیە؛ خەڵکێک کە دەبینن نانی سەر سفرەی وان دەکاتە هەزینەی بۆمب و فیشەک و چەک تاکوو خەڵکی بێ تاوانی سووریە و یەمەن و باقی خەڵکی مەنتەقەی پێ بکوژرێ؛ ئێمە پێمان وایە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران وەکوو باقی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکانی ناوچە هەرچەند ژێستی توانا و هێز نیشانی بدا لە نێوەڕۆکدا ڕێژیمێکە کە وردە وردە بەرەو توانەوە دەچێ، ڕێژیمێکە کە ئیدی لە بەرانبەر ویست و داخوازی ئازادیخوازانەی خەڵکەکەی دا ناتوانێ مقاوەمەت بکا و ئەوە گەورەترین دوژمنی کۆماری ئیسلامی ئێرانە بۆیەشە کە گەورەترین دوژمنایەتی لەگەڵ خەڵکی خۆی دەکات.

بێجگە لە سیاسەتی نێونەتەوەیی و مەنتەقەیی کە بە نیسبەتی ئێران هەموومان دەیبینین هیوادارم ئێمەی کورد لە ڕۆژهەڵات و بە گشتی کورد لە هەموو پارچەکاندا هەموومان بتوانین لەو هەل و مەرجە باشەی کە هاتۆتە پێشێ بە ناسینی دروستی دۆست و دوژمنەکانمان، بە یەکگرتوویی، بتوانین لەو ئاڵوگۆڕانەی کە زۆر قوڵ و بەربڵاون لە ناوچەدا کەڵکی باش وەربگرین بە قازانجی گەل و نیشتمانەکەمان کە ڕۆحی شەهیدەکانمانی پێ شاد کەین و بنەماڵەی شەهیدەکانمان پێی سەربەرز بن و ئێمەش هەموومان ئیفتخار بکەین کە لەو تێکۆشان و کارو یەکگرتویی و یەک دەنگییەدا بەشێکمان هەیە.

جارێکی دیکە سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی پووشپەڕ بە تایبەت شەهیدی گەورە و سەربەرز، دیپلۆماتکاری ناسراو و تێگەیشتوو و پێگەیشتووی نەتەوەی کورد، دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو و هاوڕێیانی

سڵاو لە هەموو شەهیدانی کوردستان





# پوختەیەک لە ژیان و بەسەرهاتی شەهیدانی نوێی ڕاسان

پاش ساڵێک بەدواداچوونی وردی حیزب و دڵسۆزانی حیزب لە ناوچەکانی مەریوان و شنۆ دەرکەوت کە بەداخەوە چەند ڕۆڵەی بەجەرگی حیزب لە ئاگری قینی دوژمندا گیانی پاکیان بەختی ڕێگای پڕ لە سەروەریی ئازادیی گەل و نیشتمان کردووە و چوونەتە ڕیزی کاروانی پڕ لە شانازیی شەهیدانی کوردستانەوە.

## شەهید بێهزاد پیرۆتی

شەهید بێهزاد پیرۆتی کوڕی حوسێن لەدایکبووی ساڵی ١٣٧٣ی هەتاوی لە شاری شنۆ. بێهزاد پیرۆتی ساڵی ١٣٨٨ی هەتاوی چالاکیی خۆی لە ڕیزەکانی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا دەستپێدەکات و دەبێتە ئەندامی تەشکیلاتی ئاشکرای حیزب و لەو ئۆرگانەدا وەکوو ئەندامێک ئەرکە حیزبییەکانی خۆی بەڕێوە دەبات.

ساڵی ١٣٩١ دەبێتە پێشمەرگە و بە مەبەستی بەرگری کردن لە ئازادی و مان و مەوجوودیەتی نەتەوەکەی چەکی پێشمەرگایەتی دەکاتە شان. کاک بێهزاد بەوپەڕی دڵسۆزی و فیداکارییەوە ئەرکی پێشمەرگایەتیی خۆی لە ناوەندی ٣ی کوردستان بەڕێوە دەبات. لە بەهاری ساڵی ١٣٩٥دا لەگەڵ تیمێک لە کادر و پێشمەرگەکانی ناوەندی ٣ی کوردستان بە مەئمووریيەت دەچێتەوە نێوخۆی وڵات. ڕۆژی ٢ی جۆزەردان هێزە دژی گەلییەکانی ڕێژیم لە گوندی "قەرەسەقەل" لە ناوچەی "شنۆ" هێرش دەکەنە سەر پێشمەرگەکان. بە داخەوە لەو شەڕەدا ٦ پێشمەرگەی قارەمانی حیزبەکەمان شەهید دەبن. هاوڕێ بێهزاد پیرۆتی لە دەرئەنجامی ئەو شەڕەدا لە هاوسەنگەرانی دادەبڕێت و بێسەروشوێن دەبێت، و مەخابن پاش یەک ساڵ بەدواداچوونی ورد و هەوڵی حیزب و خەڵک، هیچ نیشانەیەک لە مانی ئەو هاوڕێیە بەرچاو نەکەوت و کاک بێهزادی پیرۆتی گیانی پاکی لە ڕێگای سەربەرزیی گەل و ڕزگاریی نەتەوەکەی بەخت کرد.

## شەهید عەلی مەحموودی (شەماڵ)

علی مەحموودی ناسراو بە "شەماڵ" کوڕی کەریم لەدایکبووی ١٣٦٦ی هەتاوی لە شاری شنۆ.

ناوبراو بەهاری ساڵی ١٣٨٩ هاتووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. پاش تەواو کردنی دەورەی سەرەتایی فێرگە، لە کۆمیسیونی پەروەردە سازمان درا و دەستی بە کاری حیزبی کردووە.

لەو ماوەیەدا لە بەشی تەداروکاتی خەدەماتی کۆمیسیونی پەروەردە ئەرکی پێئەسپێردرا و بەوپەڕی دڵسۆزییەوە کار و ئەرکەکانی ڕاپەڕاندووە.

شەهید شەماڵ بێجگە لەو کارانە، ماوەیەکیش وەك سەرپەل لە کومیسیونی پەروەردە ئەرکی بەڕێوە بردووە. هەر لەو ماوەیەدا لە لایەن ئورگانەوە ڕێزی لێ گیراوە و تەشویق کراوە.

هاوکات لەگەڵ پێکهاتنی هێزی تایبەت، شەهید شەماڵ لە شاخ وەك بەشی تەداروکاتی ئەو هێزە دیاری کرا، ناوبراو بەوپەڕی فیداکاری و دڵسۆزییەوە ئەرکەکانی خۆی بەجێ گەیاند. دڵسۆزی و ماندوویی نەناسیی شەهید شەماڵ لە هێزی تایبەت وێردی زمانی هەموو هاوڕێیانی بوو. شەهید شەماڵ بە هۆی لێهاتوویی خۆی ساڵی ١٣٩٤ لە دەورەی سیاسی سەرەتایی کادر بەشداریی کرد و بە سەرکەوتوویی ئەو دەورەیەی تەواو کرد.

شەهید شەماڵ ساڵی ١٣٩٥ لەگەڵ تیمێك لە پێشمەرگەکان بە مەبەستی جێبەجێ کردنی مەئمورییەتی ناوچە گەڕایەوە نێوخۆی وڵات.

دژی گەلییەکان لە گوندی "قەرەسەقەل" لە ناوچەی "شنۆ" دڕندانە پەلاماری پێشمەرگەکانیان دا؛ لەو پەلامارە دڕندانەیەدا، وێڕای شەهید بوونی ٦ کەس لە هاوسەنگەرانی، شەماڵ و چەند هاوڕێی دیکەی بێسەروشوێن بوون.

پاش بەدواداچوون و هەوڵی حیزب و خەڵک، مەخابن هیچ ئاسەوارێک لە مانی ئەو هاوڕێیە نەبوو و کاک علی مەحموودی ناسراو بە "شەماڵ" گیانی پاکی بەختی ڕێگای پڕ سەروەریی ڕزگاریی گەل و نیشتمان کرد و تێکەڵ بە کاروانی شەهیدانی نەمر بوو.

## شەهید مێهدی شێخی

مێهدی شێخی کوڕی حەمەخان ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی ماماناوەندی نیشتمانپەروەر لە گوندی "تەوریوەر"ی ناوچەی "ژاوەرۆ"ی سنە لەدایکبووە.

شەهید مێهدی شێخی هەر لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە و لە شەڕی ٣ مانگە لە ناوچەی سنە بەشداریی کردووە. ساڵی ١٣٥٨ هاتووەتە ڕیزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات و لە هێزی شەریفزادە سازمان دراوە. هەردوو شەڕی نەورۆزی ٥٨ و بەهاری خوێناویی شاری سنە چالاکانە بەشداریی کردووە. کاک مێهدی یەکێک لە پێشمەرگە دڵسۆز و فیداکارەکانی حیزب بوو لە ناوچەی ژاوەرۆ. لە ماوەی پێشمەرگایەتی‌دا لە زۆربەی هەرەزۆری مەئمووریەتە پێسپێردراوەکانیدا بەوپەڕی دڵسۆزی و فیداکارییەوە بەشداریی دەکرد و ئەرکەکانی تێدەپەڕاند. کاک مێهدی بە هۆی تایبەتمەندییە نیشتمانپەروەرانەکانی و دەروەستیی بەرانبەر ئەرکەکانی بوو بە پێشمەرگەیەکی جێی متمانە و باوەڕی خەڵک و سیمایەکی ناسراوی ناوچەکانی جنووبی کوردستان. لە ماوەی پێشمەرگایەتیدا بەردەوام لە تیمە تەشکیلاتییەکانی ناوچەی سنەدا بەشدار بووە و ڕۆڵێکی کاریگەری گێڕاوە. لە شەڕەکانی ناوچەی سنە چەندین جار بریندار بووە. ناوبراو لە ماوەی پێشمەرگایەتیدا چەندین بەرپرسایەتی نیزامیی وەکوو: سەرپەل ـ جێگر پەل ـ سەردەستە و سەر لکی لە ئەستۆ بووە و بەشێکی زۆر لە ژیانی پێشمەرگایەتیی خۆی لە کاروباری نیزامیدا تێپەڕاندوە و وەکوو پێشمەرگەیەکی شارەزا و جێی متمانەی خەڵکی ناوچە و کومیتەی شارستان و مەڵبەند، لەگەڵ تیمە تەشکیلاتییەکان لە ناوچەی سنە و ژاوەرۆ و چەمشاردا کاری کردووە.

ساڵی ١٣٨١ پلەی کادری نیزامی وەرگرتووە و بەهۆی فیداکاری و لێهاتووییەوە چەندین خەڵاتی خەڵات و نامەی ڕێزلێنانی پێبەخشرا. تا ساڵی ١٣٩٤ وەکوو کادری ناوەندی ١ی کوردستان، هەر ئەرک و مەئموریەتێکی حیزبی کە پێی سپێردرابێت بە سەرکەوتوویی و بە لێوەشاوەیی جێبەجێ کردووە. ساڵی ١٣٩٤ تیمێکی پێشمەرگەی بردووەتەوە بۆ ناوچە و ماوەی نزیك بە ٢ مانگ ئەرکی حیزبییان بەوپەڕی سەرکەوتووییەوە لە ناوچە بەڕێوە بردووە. بەهاری ساڵی ١٣٩٥ تیمێکی پێشمەرگەی بردووەتەوە بۆ ناوچەی سنە و مەریوان و پاش جەولەیەکی ١٥ ڕۆژە، کاتێک ڕێژیم هەستی بە بوونی پێشمەرگەکانی حێزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوچە کرد، شاخی "کۆسالان"یان لە ناوچەی شامیان گەمارۆ دا و دواجار لە بەرەبەیانی ڕۆژی ٥ی پووشپەڕدا پێشمەرگەکان لە نزیک گوندی "دوو ڕوو" لە بناری شاخی کۆسالان دەکونە بەر پەلاماری دڕندانەی دوژمن. لە ئاکامی ئەو شەڕە نەخوازراو و نابەرابەرەدا، و لە ڕۆژی یەکەمی شەڕەکەدا، ٣ پێشمەرگەی قارەمانی حیزب شەهید دەبن. لە ڕۆژی دووهەمی ئەو شەڕەدا دوژمن بە تۆپ و خومپارە مەیدانی شەڕەکە ئاگر تێبەردەدا. لە ئاکامی ئەو شەڕە داسەپاوەدا، کاك مێهدی و ٥ کەسی دیکە لە هاورێیانی پاش هەڵبڕان لە هاوسەنگەرانیان، بێ سەروشوێن بوون. مەخابن پاش بەدواداچوونی ورد و چاوەڕوانیەکی زۆری حیزب و خەڵکی ناوچە و ئەندامانی تەشکیلاتی نێوخۆ، هیچ ئاسەوارێک لەو هاوسەنگەرانەمان نەبینرایەوە و دەرکەوت ئەو هاوڕێیانە لە ئاگری ڕق و قینی بێبەزەییانەی دوژمندا شەهید بوون.

## شەهید بەرزان حوسێنی

بەرزان حوسێنی کوڕی عوسمان لەدایکبووی ١٣٥٦ی هەتاوی لە گوندی "بەلەبزان"ی سەر بە شاری پاوە.

ساڵی ١٣٨٠ چووەتە ئورووپا و بۆ ماوەی ٥ ساڵ نیشتەجێی ئورووپا بووە و هەر لەوێ پەیوەندی بە تەشکیلاتی حیزبەوە گرتووە و وەکوو ئەندام لە ڕیزەکانی تەشکیلاتی ئاشکرای حیزبدا کاری کردووە. ساڵی ١٣٨٦ گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و وەکوو پێشمەرگە لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا سازمان دراوە. لەو ماوەیەدا پلەی تەشکیلاتیی کادری وەرگرتووە و بەوپەڕی دڵسۆزییەوە ئەرکە پێسپێردراوەکانی بەڕێوە بردووە. لە دوایین کۆنفرانسی ناوەندی (١)دا وەکوو ئەندامی ناوەندی ١ی کوردستان هەڵبژێردراوە و لەو ئەرکەشدا بە ڕێکوپێکی و سەرکەوتووانە کارەکانی خۆی تێپەڕاندووە. ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی لەگەڵ تیمێکی پێشمەرگە چووەتەوە بۆ ناوچەی سەقز و پاش نزیکەی ٢ مانگ بە سەرکەوتوویی گەڕاوەتەوە. ناوبراو لە بەهاری ساڵی ١٣٩٥ی هەتاوی‌دا هاوڕێ لەگەڵ تیمێکی کادر و پێشمەرگەی ناوەندی ١ی کوردستان، ڕۆیشتەوە بۆ نێوخۆی وڵات لە ناوچەکانی سنە و مەریوان.

پاش جەولەیەکی ١٥ ڕۆژە، بەداخەوە لە ڕۆژی ٥ی پووشپەڕدا لە شاخی "کۆسالان" کەوتنە بەر پەلاماری دوژمن و ٣ پێشمەرگەی ئازا و گیان لەسەر دەستی حیزبەکەمان شەهید بوون. بەرزان حوسێنی هاوڕێ لەگەڵ ٥ کەسی دیکە لە هاوسەنگەرانی لەو شەوەدا بێسەروشوێن بوون.

بەداخەوە پاش ساڵێک بەدواداچوونی ورد، دەرکەوت کە کاک بەرزان حوسێنی پێشمەرگەی ئازا و بەجەرگی حیزب لە ئاگری قینی دوژمندا گیانی پاکی بەختی ڕێگای پڕ لە سەروەریی ئازادیی گەل و نیشتمان کردووە و چووەتە ڕیزی کاروانی پڕ لە شانازیی شەهیدانی کوردستانەوە.

## شەهید ڕوحوڵڵا حەیدەری

شەهید ڕوحوڵڵا حەیدەری کوڕی محەممەد، لەدایکبووی ١٣٤٨ی هەتاوی لە گوندی "دەگاگا"ی ناوچەی "شامیان" سەر بە شارستانی "سەوڵاوا".

شەهید ڕوحوڵڵا حەیدەری ساڵی ١٣٧٠ پەیوەندی تەشکیلاتی بە حیزبەوە گرتووە و لە ڕیزی تەشکیلاتی نهێنیی حیزبدا وەکوو ئەندام کاری کردووە و یەکێك لە ئەندامە چالاك و فیداکارکانی حیزب بوو. شەهید ڕوحوڵڵا بەپێی ئەو شارەزاییەی هەیبوو، لە ناوچەی مەریوان چەندین جار وەکوو شارەزا و چاوساغی هێزی پێشمەرگە هاوکاریی کردووە و ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە ئامادەکاری و جێبەجێ کردنی خوراك و تەقەمەنی بۆ هێزی زاگروس.

جگە لەوهاوکارییانەش، زۆر جار هەوڵی داوە یارمەتیی ماڵی بۆ حیزب کۆ بکاتەوە. ڕوحوڵڵا لە ماوەی تێکوشانی تەشکیلاتیدا لە لایەن ئیتلاعاتی ڕێژیمەوە ٢ جار گیراوە و زیندانی کراوە، جاری دووهەم لە بەهاری ساڵی ١٣٩٣دا گیرا، و سزای زیندانی درێژخایەنی بەسەردا سەپا. ناوبراو بە بارمتەی ماڵیی قورس لە زیندان ئازاد کرا، پاش هاتنەدەری لە زیندان، ڕایکرد و خۆی گەیاندە هەرێمی کوردستان و لە شاری سلێمانی نیشتەجێ بوو. ساڵی ١٣٩٤ وەکوو ئەندام لە گەڵ تیمێکی پێشمەرگە گەڕایەوە نێوخۆی وڵات. ناوبراو لە بەهاری ساڵی ١٣٩٥دا وەکوو پێشمەرگە وەرگیرایەوە و لەگەڵ تیمێکی پێشمەرگە بە مەئمورییەت گەڕایەوە نێوخۆی وڵات لە ناوچەی سنە و مەریوان. دوژمنی داگیرکەر ڕۆژی ٥ی پووشپەر لە شاخی "کۆسالان" پەلاماری پێشمەرگەکانی دا. هاوکات لەگەڵ شەهید بوونی سێ هاوڕێی قارەمانی، ڕوحوڵڵا وێڕای ٥ هاوڕێی دیکەی لەو شەڕەدا بێسەروشوێن بوو. مەخابن پاش ساڵێک دەرکەوت هاوڕێی پێشمەرگە ڕوحوڵڵا حەیدەری گیانی پاکی لە ڕێگای ڕزگاریی گەل و نەتەوەکەیدا بەخت کردووە و چووەتە ڕیزی کاروانی نەمرانەوە.

## شەهید ساحێب حوسێنی

ساحێب حوسێنی کوڕی عەزیز، لەدایکبووی ١٣٦٧ی هەتاوی لە گوندی "هەڵوان" لە ناوچەی ژاوەرۆی سنە.

شەهید ساحێب حوسێنی ساڵی ١٣٨٩ی هەتاوی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە خۆی گەیاندووەتە ڕێزی پێشمەرگەکانی حیزب. سەرەتا لە کۆمیسیونی سیاسی نیزامی سازمان دراوە و ماوەی ٢ ساڵ بەوپەڕی دڵسۆزییەوە ئەرکەکانی خۆی بەڕێوەبردووە، پاشان چووەتە ناوەندی ١ی کوردستان و لەوێش بەوپەڕی هەست کردن بە بەرپرسایەتی، ئەرکە پێسپێردراوەکانی بەجێ گەیاندووە. ساڵی ١٣٩٤ نەقڵی کۆمیسیونی ماڵی- خەدەماتی کراوە و لە بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەو کۆمیسیونەدا بەوپەڕی دەروەستییەوە ئەرکی خۆی ڕاپەڕاندووە.

شەهید ساحێب حوسێنی لە چەندین دەورەی تایبەتی نیزامیدا بەشداریی کردووە. هەر بەو هۆیەشەوە لە لایەن کۆمیسیونی سیاسی ـ نیزامیەوە بە نووسراوە ڕێزی لێ گیراوە. بەهاری ساڵی ١٣٩٥ هاوڕێ ساحێب حوسێنی لە گەڵ تیمێك پێشمەرگەدا بەشداریی لە مەئمورییەتی ناوچەدا کرد و بەوپەڕی ئازایەتی لەو ئەرکەشدا سەرکەوتوویی خۆی نیشان دا.

هاوینی هەمان ساڵ دووبارە لە گەڵ تیمێکی دیکەی پێشمەرگە، لە سەر داوای خۆی گەڕایەوە نێوخۆی وڵات، پاش جەولەیەکی ١٥ ڕۆژە لە شاخی "کۆسالان"، دوژمنی داگیرکەر هێرشی کردە سەریان و وێڕای شەهید بوونی سێ هاوڕێ لە تیمی پێشمەرگەکاندا، مەخابن لەو شەڕەدا هاوڕێ ساحێب حوسێنی لە گەڵ ٥ هاوڕێی دیکەی بێسەروشوێن بووە. پاشان دەرکەوت بە هۆی ئاگربارانی بێبەزەییانەی شاخی "کۆسالان" لە لایەن دوژمنەوە، هاوڕێ ساحێب حوسێنی گیانی پاکی بەختی ڕێگا و ڕێبازی پڕ سەروەریی شەهیدان، واتە ڕزگاریی گەل و نێشتمان کردووە.

## شەهید ئەفشار سوورە بوومە

ئەفشار سوورە بوومە، کوڕی مەحموود، لەدایکبووی ١٣٦٦ی هەتاوی لە گوندی "تەوریوەر"ی ناوچەی "ژاوەرۆ"ی سنە.

شەهید ئەفشار سوورە بوومە، ساڵی ١٣٨٩ پەیوەندی بە تەشکیلاتی حیزبەوە گرتووە و وەکوو ئەندامی تەشکیلاتی نهێنی کار و ئەرکی پێسپێردراوی خۆی ڕاپەڕاندووە. ساڵی ١٣٩١ی هەتاوی هاتووەتە ڕیزی پێشمەرگایەتی و بە فەرمی بووەتە پێشمەرگە. ناوبراو لە کۆمیسیونی سیاسی - نیزامی سازمان دراوە و تا بەهاری ساڵی ١٣٩٤ ئەرکی پێشمەرگایەتی خۆی لەو کۆمیسیونە بەڕێوەبردووە. ئەفشار لە کاتی شەڕی "کێلەشین"دا لە یەکەم پێشمەرگەکانی حیزب بوو کە ڕۆیشتە شاخ و تا کاتی شەهید بوونی، لە "هێزی تایبەت"دا وەکوو پێشمەرگەیەکی سەرپەلی نموونە و دڵسوز، ئەرکی خۆی بەجێ گەیاند. ساڵی ١٣٩٥ لەگەڵ تیمێك پێشمەرگە ڕۆیشتەوە بۆ مەئموریەتێکی ناوچە لە نێوخۆی وڵات لە ناوچەکانی سنە و مەریوان. پاش ١٥ ڕۆژ جەولەی سیاسی - نیزامی لە گەڵ هاوڕێیانی لە شاخی "کوسالان"، لە لایەن دوژمنی بێبەزەیی و دژی گەلییەوە هێرش کرایە سەریان و وێڕای شەهید بوونی ٣ کەس لە هاوسەنگەرانی، ناوبراویش لەگەڵ ٥ هاوڕێی دیکەی، بێسەروشوێن بوون. مەخابن پاش ساڵێك بەدواداچوونی وردی حیزب و ئەندامانی تەشکیلاتی نهێنی و خەڵک، دەرکەوت هاوڕێ ئەفشار شوورە بوومە لە گەڵ ٥ هاوڕێی دیکەی گیانی پاکیان پێشکەش بە ڕێبازی پڕ لە سەروەریی ڕزگاریی گەل و نەتەوەکەیان کردووە و شەهید بوون.

## شەهید هیوا قوربانی

هیوا قوربانی کوڕی حەسەن، لەدایکبووی ١٣٧٠ی هەتاوی لە شاری کامیاران.

شەهید هیوا قوربانی، هاوینی ساڵی ١٣٨٩ پەیوەست بە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزب بووە. پاش تەواو کردنی دەورەی سەرەتایی فێرگە، لە کۆمیسیونی پەروەردە سازمان درا. ناوبراو بەوپەڕی دڵسۆزی و ماندوویی نەناسانە ئەرکی حیزبیی خۆی لە کۆمیسیونی پەروەردە بەڕێوە بردووە.

لەو ماوەیەدا لە کۆمیسیونی پەروەردە وەك بەرپرسی بەشی تەداروکاتی پەروەردە کاری دەکرد، بێجگە لە کار و ئەرکی ئورگانی خۆی، لە هێزی "پاراستن"دا ئەرکی سەرپەلی لەئەستۆ بوو. شەهید هیوا لەو ماوەیەدا چەند دەورەی نیزامیی بینی و وەکوو یەکێك لە پێشمەرگە لێهاتووەکانی بەشی نیزامی ئەرکی خۆی بەڕێوە دەبرد. لە ماوەی ٦ ساڵ پێشمەرگایەتی و بەڕێوەبردنی ئەرك و بەرپرسایەتیی جۆراوجۆری حیزبی‌دا، دووجار بە نووسراوە لە لایەن کۆمیسیۆنی پەروەردە و کۆمیسیونی سیاسی- نیزامی بە نووسراو تەشویق کرا. ساڵی ١٣٩٥ یەکێك لەو پێشمەرگانە بوو کە ئامادەیی خۆی بۆ چوونی ناوچە دەربڕی و لەگەڵ تیمێك لە کادر و پێشمەرگەکان لە مەئموریەتی ناوچەدا بەشداری کرد. پاش جەولە و گەڕانێکی سیاسی —نیزامیی ١٥ ڕۆژە لە ناوچەی سنە و مەریوان، ڕۆژی ٥ی پووشپەڕ لە شاخی کوسالان پاش هێرشی دڕندانەی هێزەکانی دوژمن و بەرگریی و شەڕێکی ئازایانە و قارەمانانە، وێڕای شەهید بوونی ٣ پێشمەرگەی قارەمان لە تیمەکەیان، هاوڕێ هیوا قوربانی لەگەڵ ٥ هاوڕێی دیکەی بێ‌سەروشوێن بوو. مەخابن دواتر دەرکەوت لەو شەڕەدا بە هۆی ئاگربارانی شاخی کۆسالان لە لایەن دوژمنی دژە گەلییەوە، شەهید بووە و گیانی پاکی پێشکەش بە ڕێبازی ڕزگاریی گەل و نەتەوەکەی کردووە.

# ئاوڕودانەوەیەک لە ئیسلامی سیاسی




ناسر سالْحی ئەسڵ

فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی یەکێکە لەو دیاردە زەقانەی ئەمڕۆکە نەك هەر ولاتانی ئیسلامی، بەڵکوو سەرانسەری جیهانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە؛ دیاردەیەک کە بۆتە جێگەی باس و خواست و مشت و مڕی زۆر ناوەندە سیاسی و فیکری و ستراتێژی و رووناکبیرییەکان. تەنانەت لە زۆر جێگەی دنیادا ئەندیشکدەی تایبەتی هەن کە کاریان لێکدانەوە و تاوتوێ کردنی ئەو دیاردەیەیە. هەر بۆیە مێژوو و فەلسەفەی سەرهەڵدان و گەشەکردن و پەرەسەندنی بیر و ئەندێشەی سەلەفیگەری جیهادی بە سەرەتای پەیدابوونی ئیسلامی سیاسی دادەنرێت. ئەگەرچی سەرەتاکانی رەوتی سەلەفیگەری دەگەڕێتەوە بۆ دامەزراندنی ئیخوان موسلمین لە ساڵی ۱۹۲۸ی زایینی لە ولاتی میسر، بەڵام تەنیا لە دوای ساڵەکانی دەیەی حەفتای زایینی و پاش لەشکرکێشی ئەرتەشی یەکیەتی سۆڤیەت بۆ سەر ئەفغانستان و بە دەستەوەگرتنی و بە لارێدابردنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە لایەن مەلا توندئاژۆکانی لایەنگر و پێڕەوی خومەینییەوە لە ساڵی ۱۳۵۷ی هەتاوی، ئەو دیاردەیە پتر تەشەنەی سەند. هەروەها پاش هەرەسهێنان و رووخانی یەکیەتی سۆڤیەت لە ململانێی نێوان بلوکی رۆژهەلات و رۆژئاوادا، فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی خۆی وەك ئاڵتەرناتیڤی ئایدیۆلۆژی شکستخواردووی کۆمونیزم بەتایبەت لە رۆژهەلاتی ناڤین نیشانی دنیا دا. دیارە بلوکی رۆژئاوا دەستی یارمەتی لە بوژانەوەی ئایدیۆلۆژیای رەش، بە تایبەت لە ولاتانی ئیسلامی و بە تایبەتیتر بە گرووپە جیهادییەکانی ئەفغانستان لە بەرانبەر هەرەشەکانی ئایدیۆلۆژیای سووردا هەبوو.

هەر بۆیە راستییەکی گومان هەڵنەگرە کە ئیسلامی سیاسی وەك بابەتێك لە باوەشی فەلسەفەی وشك و چەقبەستوو و دواکەوتووی کۆمەڵگادا پێگەیشتووە. پسپۆڕان و لێکۆڵەرانی بواری ئیسلامی سیاسی و سەلەفیگەری، پەرەسەندنی سەرنجڕاکێشی ئیسلامی سیاسی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە لە بەرانبەر فیکر و ئەندێشە مۆدێڕن و پێشکەوتنخوازانەی رۆژئاوا، لەلایەن کەسانی کۆنەپارێزی ئیسلامی سیاسی لە ولاتی میسر، بە سەرەتای خوڵقاندنی قەیران و تەنگەژەی نێوان هزر و ئەندێشەی نوێ و مۆدێڕن لە هەمبەر هزر و ئەندێشەی دواکەوتوویی ناو دەبەن. ئەو تەنگەژەیە ئەگەرچی دەریخستوە کە ئەو مێتودی ئیسلامی سیاسییە کە بۆ تاوتوێکردن و لێکدانەوەی بابەتەکانی بە کاری دەهێنێ سەرکەوتوو نەبووە؛ هەر بۆیە بەشی هەرە زۆری بیرمەندان و زانایانی ئیسلام، بنەما فیکرییەکانی سەلەفیگەری جیهادی توندرەو و بنەماکانی ئیسلامی سیاسی رەد دەکەنەوە و بە لادان لە بنەماکانی ئیسلامی راستەقینەی دادەنێن.

هەر بۆیە لە لایەك زۆربەی زانایانی ئیسلام لە سەر ئەو باوەڕەن کە چاکی و خراپی موسڵمان نابێت بە شێوە خەلافەتەوە گرێ بدرێت کە هێندیك سەلەفی جیهادی تەبلیغی بۆ دەکەن و بیخەنە ژێر رەحمەتی خەلیفەی سەلەفی جیهادییەوە. بەڵکو یەزدان ئازادی بە موسڵمانان داوە تا ئەو سیستمە سیاسییانە بۆ خۆیان هەڵبژێرن کە عەقڵ و بۆچوون و بەرژەوەندی خۆیان پەسندی دەکات. بەڵام لەلایەکی دیکەوە سەلەفیگەری جیهادی گرووپە توندڕەوە ئیسلامییەکان بەو پەڕی بێ ویژدانییەوە درێژە بە شەڕی خوێناوی و خۆتەقاندنەوە لە دژی خەڵك و کۆمەڵگا لە ولاتانی ئیسلامی و ولاتانی رۆژئاوایی و هەندێ جاریش لە دژی یەکتر بدەن. هەر بۆیە لە ئێستادا و لە سەدەی پێشکەوتن و شۆڕشی زانیاریدا، ئاراستەی فیکری سەلەفی جیهادییەکان لە ژێر کاریگەری خوێندنەوەی سەید قوتب لە ئیسلامی سیاسی، وەرچەرخانێکی ترسناك بە خۆیەوە بینیوە. ئێستا روون و ئاشکرایە کە سەرچاوەی فیکری و بنەمای تەواوی گرووپە جیهادی توندرەوەکان لە بنەما فیکرییەکانی سەلەفیگەری جیهادی سەید قوتبەوە سەرچاوە دەگرن. هەر بۆیە لە دیدی زۆربەی بیرمەندان و زانایانی بواری ئیسلام ناسییەوە سەید قوتب یەکەم کەسە کە بەردی بناغەی گوتاری ئیسلامی سیاسی داناوە.

## ● هۆکارەکانی پەرەگرتنی ئیسلامی سیاسی لە رۆژهەلاتی ناڤین:

ئیسلامی سیاسی پاش رووخانی دیواری بێرلین و هەرەسهێنانی جیهانی دوو جەمسەر و بە تایبەت پاش رووداوەکانی ۱۱ی سێپتامبر لە ئامریکا و تەقاندنەوەی دوو بورجی بەناوبانگ لە نیویۆرك پێی نایە قوناغێکی نوێ. هەروەها پرسە چارەسەر نەکراوەکانی وەك: کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل لە رۆژهەلاتی ناڤین، کوشتاری موسوڵمانانی بۆسنی و هیرزەگۆڤین لە لایەن سێربەکانەوە، شەڕ لە چێچێن لەگەڵ روسیە، کێشەی کێشمیر لەگەڵ ولاتی هێند، کێشەی هێند و پاکستان، کێشەی موسوڵمانان لە چین، فاکتەرەگەلێکن بۆ سەرهەڵدانی تاقمە تیرۆریستییەکانی جیهادی لە ژێر پەردەی پارێزگاری لە ئیسلام لە بەرانبەر کوفردا. هەروەها لەلایەکی دیکەوە رووداوەکانی باکوری ئافریقا کە بە بەهاری عەرەبی ناسراوە، رێگەخۆشکەر بوون بۆ رەوتە جیهادییەکان تا لە رێگای شەڕ و جیهادەوە دەسەلات بە دەستەوە بگرن. خاڵێکی گرینگی دیکە بۆ سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسی لە ولاتانی رۆژهەلاتی ناڤین دا پاش کۆتایی شەڕی سارد لەنێوان دوو جەمسەری خۆرهەلات و خۆرئاوا، چونکە زۆربەی تاقم و گرووپە ئیسلامییەکان لە بەرەوپێش بردنی گۆڕان لە هاوسەنگی هێز لەگەڵ دەوڵەتەکان هاوڕا بوون و ئازادی چالاکی بە کردەوەیان هەبوو بە دژی حیزب و رێکخراوە چەپەکان، هەر بۆیە زۆربەی ولاتانی ئیسلامی لە کاتی سەرهەڵدانەکانی بەهاری عەرەبی کە لە ولاتی تونسەوە دەستی پێکرد، لە کونترۆڵ کردنی هێزە ئیسلامییەکان دەستەوەستان بوون. هەر بۆیە جەهەت و ئامانجەکانی سەرهەڵدان و راپەرینی خەڵك لە بەهاری عەرەبی دا بەلارێدابران. چونکە گرووپە سەلەفییەکانی جیهادی لەو ولاتانەی کە بەهاری عەرەبییان تێدا( تەنیا تونس نەبێت) روویدا، ئەو ولاتانەیان تووشی ئاڵۆزی و شەڕی ناوخۆیی کرد کە ئێستاش لە سوریە و عێراق و یەمەن ئەو شەڕە خوێناوییە لە شێوەی جۆراوجۆردا بەردەوامە. لەو ناوچە پڕ کێشە و ئاڵوزەی رۆژهەلاتی ناڤین کە شەڕ و ماڵوێرانی لە لایەن ولاتانی پشتیوانی گرووپەکانی سەلەفیگەری جیهادی کە بەرۆکی خەڵکی سڤیلی گرتووە، خەباتی نەتەوایەتی گەلی کورد بە گشتی و لە رۆژهەلاتی کوردستان بەتایبەت لەو ناوچە پڕ کێشە و ئاڵوزەدا لە قوناغیکی چارەنوسسازدایە بۆ گەیشتن بە مافەکانی. هەر بۆیە رێژیمە داگیرکەرەکانی کوردستان و بەتایبەت رێژیمی کۆماری ئیسلامی کە راستەوخۆ دەستی لە پێکهێنانی گرووپە تیرۆریستەکان و بەتایبەت داعشدا هەبووە، لەو دەرفەتە زێڕینە کە بۆ کۆماری ئیسلامی رەخساوە تا بە باشترین شێوە بتوانێت لە سیاسەت و هەڵوێستی چەواشەکارانەی بۆ لەپەراویز حستنی خەباتی نەتەوایەتی گەلی کورد بە گشتی و رۆژهەلاتی کوردستان بە تایبەت کەڵك وەرگرێت و پێش بە سەرکەوتن وگەیشتن بە ئامانجە رەواکانی نەتەوەی کورد بگرێت.

## ● سەرهەڵدانی سەلەفی گەریی لە خۆرهەلاتی کوردستان

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ۱۳۵۷ی هەتاوی و بە لاڕێدا بردنی دەسکەوتەکانی ئەو شۆڕشە لە لایەن مەلاکانی لایەنگر و پێڕەوی خەتی خومەینی و گۆڕینی لە شۆڕشی گەلانی ئێران بۆ شۆڕشی ئیسلامی ئێران، بە هەزاران کەس لە ئازادیخوازانی گەلانی ئێران زیندان و ئێعدام کران یان تووشی دەربەدەری بوون. هەروەها هەموو رێکخراوە سەربەخۆ و دێموکراتەکانی هەڵوەشاوە راگەیاند. لە رۆژهەلاتی کوردستان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بە رەسمی هەڵوەشاوە راگەیاند و حوکمی جیهادی بە دژی نەتەوەی کورد راگەیاند و شەڕێکی خوێناویان لە کوردستان هەڵگیرساند کە تا ئێستاش درێژەی هەیە. چونکە لە لایەك نەتەوەکانی ئێران و لەلایەکی دیکەشەوە بەتایبەتی نەتەوەی کورد داوای مافە نەتەوایەتییەکانی خۆیان دەکرد. بەڵام لەلایەن رێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە بە سەرکوتی خوێناوی وەڵام درایەوە. هەروەها لە لایەکی دیکەوە ئەو رێژیمە سەرکوتکەرە بە دامەزراندنی دوو ئۆرگانی نیزامی و ئەمنییەتی" سپای پاسداران و وەزارەتی ئیتلاعات" دەستیکرد بە هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ ولاتانی ئیسلامی. کۆماری ئیسلامی ئێران لە نێو خۆی ولاتیشدا هەموو جومگەکانی دەسەلاتداری دەوڵەت و کۆمەڵگای قورغ کردبوو. دواتریش بە دامەزراندنی دەیان تاقم و گرووپی تیرۆریستی وەك حیزبوڵڵای لوبنان، جیهادی ئیسلامی، سپای بەدر وهتد لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران، لە کاروباری ولاتانی ئیسلامی بە کردەوە دەستێوەردانی دەکرد. هەر بۆیە ئێستا کۆمەڵگای نیونەتەوەیی و ولاتانی دێموکراتیك باش دەزانن کە رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆتە سەرچاوەیەك بۆ پێکهێنان و دامەزراندنی گرووپە توندڕەوەکانی ئیسلامی و سازکردنی شەڕی مەزهەبی و ساپۆرتی ماڵی ئەو گرووپە توندڕەوانە لە جیهان و ناوچەی رۆژهەلاتی ناڤین ناسراوە.

بەڵام سەرهەڵدانی سەلەفیگەری جیهادی لە رۆژهەلاتی کوردستان، مێژوویەکی کورتی هەیە. ئەو مێژوویە دەگەڕێتەوە بۆ ۲۰ ساڵی رابردوو. ژمارەی سەلەفییەکان لە رۆژهەلاتی کوردستان لە سەرەتادا زۆر کەم بوو و شوێنی چالاکییەکانی سنووردار بە چەند ناوچەیەکی تایبەت بوو. بەڵام پاش دەست بەکار بوونی رێکخراوەی تیرۆریستی القاعیدە کە ناسراوترین گرووپی سەلەفی بوو، هەروەها پاش کۆتایی شەڕی رێکخراوە جیهادییەکان لە ئەفغانستان لە ساڵی ۱۹۹۵ی زایینیدا سەلەفیگەری لە رۆژهەلاتی کوردستان کەوتە ژێر کاریگەری ئەو رەوتە سەلەفییانەوە. کاتێك ئەنسارولئیسلام لە ساڵی ۲۰۰۱ی زایینیدا لە ناوچەی بیارەی باشوری کوردستان کە هاوسنوورە لە گەڵ پارێزگاکانی سنە و کرماشان، "ئیمارەتی ئیسلامی بیارە" یان دامەزراند. بەڵام لە ساڵی ۲۰۰۳ی زایینی دا کە بنکە و مەقەڕەکانی گرووپی ئەنسارولئیسلام لە شارەدێی بیارەی باشوری کوردستان لەلایەن هێزە نیزامییەکانی ئامریکاوە کەوتە بە هێرش، ئەو گرووپە توندئاژۆیە روویان لە رۆژهەلاتی کوردستان کرد و بە هاوکاری سپای پاسداران و وەزارەتی ئیتلاعاتی رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە رۆژهەلاتی کوردستان بنکە و بارەگایان کردەوە. رێژیمی کۆماری ئیسلامی دەستی ئەو گرووپە سەلەفی جیهادییانەی لە رۆژهەلاتی کوردستان بۆ کاری رێکخستن و چالاکی لە شارەکان ئاواڵە کرد. هەر بۆیە سەلەفییەکانی رۆژهەلاتی کوردستان کەوتنە ساز کردنی پێوەندی راستەوخۆ بەو گرووپە تێرۆریستانەوە کە بنکە و بارەگایان لە رۆژهەلاتی کوردستاندا هەبوو. رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ یارمەتیدان بەو گرووپە سەلەفییە جیهادییانە لە رۆژهەلاتی کوردستان دوو ئامانجی سەرەکی هەبوو: یەکەم کزکردن و بەلاڕێدابردنی هەستی نەتەوایەتی لە رۆژهەلاتی کوردستان و زەقکردنەوەی بیری سەلەفیگەری و دووهەم پێشگرتن لە پەیوەست بوونی لاوانی شۆڕشگێر بە ریزی حیزب و رێکخراوەکانی کوردی و بە تایبەت پەیوەست بوون بە ریزی پیشمەرگایەتی لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران . رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە رۆژهەلاتی کوردستان هەرگیز نەیتوانی بە ئامانجە چەپەڵەکانی بگات و ئێستا رۆژهەلاتی کوردستان بۆتە مەیدانی خەبات بۆ مافەکانی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات.

## عێرفان ڕەهنموون:

# هەر کاتێ ئایین ببیتە بەشێک لە شوناسی کورد، شوناسی کورد پارچە پارچە دەکات و لە ناوەڕۆکی سیکۆلار و ئازادیخوازانە بەتاڵی دەکاتەوە.



گەلی کورد بە درێژایی مێژوو قەت لە ژێر دەسەڵاتی ئایینێکی تایبەت خۆی ڕێک نەخستووە؛ ئەم ڕاستییە ڕەهەندگەلی ئەرێنی و نەرێنی بۆ نەتەوەکەمان هەبووە . ئێستاش کە زۆرینەی کورد موسوڵمانن بە سەر دو مەزهەبی جیاوازی ئەم ئایینەدا یانی شیعە و سوننە دابەش بوون کە ئەمە خۆی لەسەر شێوەی چالاکی و بەرنامەداڕێژانی پارتە سیاسییەکان و چالاکانی سیاسی ئەم وڵاتە کاریگەری خۆی هەبووە و بووەتە پەرۆشییەکی گرینگ بۆ بزاڤی میللی-دێموکراتیک کە چۆن دەبێ چالاکی بنوێنێ کە لە داوی جیاوازییە ئایینییەکان نەکەوێ.

هەر لەم بوارەدا و بۆ تاوتوێ کردنی ئەم بابەتە گرینگە وتووێژێکمان لەگەڵ هاورێی بەرێز کاک "عێرفان ڕەهنموون" چالاکی سیاسی کردووە کە پێشکەشی خوێنەرانی ئازیزی "کوردستان" دەکرێ.

● **لە سەرەتای وتووێژەکەمان لە کاک عێرفان پرسیم کە ئایا توندئاژۆیی ئایینی دەتوانێ کۆسپێکی گەورە لە بەر دەم بزاڤی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ کە لە وڵام دا وتی:** ڕادیکالیزمی ئیسلامی نەتەنیا دەتوانێ کۆسپێکی گەورە بێ لە بەردەم بزاڤی نەتەوایەتیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا، بەڵکوو لە ئەگەری گەشەسەندنی دا ، ئەو پۆتانسییەلەی هەیە کە نێوەڕۆکی خەباتی نەتەوایەتی لە مانا و فەلسەفەی بوونی خۆی بەتاڵ بکاتەوە . گرنگە بزانین کە لە دێرزەمانەوە ، کوردستان نیشتیمانی چەندین ئایین بووە و هیچکات لە مێژوودا نەبینراوە کە ئایینێکی یەکدەست لە کوردستاندا بوونی هەبووبێ ، هەر بەم هۆیەشە کە ئایین نەیتوانیوە و ناتوانێ ببێتە بەشێک لە شوناسی نەتەوایەتیی کورد ، وەک ئەوەی لە ئیسرائیل ، وڵاتانی عەرەبی و ئەرمەنستان دەبینرێ .بە واتایەکی دیکە ، بە هۆی ئەو فرە ئایینییەوە کە لە کوردستاندا بوونی هەیە ، هەر کاتێ ئایین ببێتە بەشێک لە شوناسی کورد، شوناسی کورد پارچە پارچە دەکات و لە ناوەڕۆکی سیکۆلار و ئازادیخوازانە بەتاڵی دەکاتەوە . ڕێژیمی فاشیستیی مەزهەبیی ئێران ، لەم چەند ساڵەدا بە پشتگیریی نهێنی لە سەلەفییەتی جیهادی لە کوردستان دا ، هەوڵی داوە کە سیمای سێکۆلار و ئازادیخوازی نەتەوەی کورد لە بەرچاوی بیروڕای گشتیی جیهاندا ، خەوشدار بکات و لە ئاستی دەرەوەش دا ، کوردی شیعە و سوننی لێکدی دابڕێ و وزەی کورد کەرت و پەرت بکات . ئەم پیلانە ، پیلانێکی مەترسیدارە و پێویستە ، بزاڤی کورد لەم پێوەندییەدا زۆر هەستیار و وشیار بێ.

● **بە ئاماژە کردنی عێرفان ڕەهنمون بە چەند مەزهەبی بوونی کورد و کۆسپ و مەترسییەکانی ئەم بابەتە ئەم پرسیارەم هێنا ئاراوە کە بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ڕاستییە، بزاڤی میللی -دێموکراتیکی کوردستان چ هەڵوێستێکی بەرانبەر بە فرە ئایینی لە کوردستان هەیە و ئایا بەراستی توانیویەتی ئەم کێشە لانیکەم لە نێوخۆی چارەسەر بکات کە لە وڵامدا وتی:** بزاڤی کورد لانیکەم لەسەردەمی هاوچەرخدا، ئایین یان ئایینزایەکی تایبەتی نەکردۆتە بەشێک لە شوناسی سیاسیی خۆی و ئەمەش سیاسەتێکی ڕاست و دروست بووە ، چونکە کۆمەڵگای کوردستان کۆمەڵگایەکی فرە ئایین و فرە ئایینزایە و کەڵک وەرگرتن لە ئایینێکی تایبەت بۆ مەبەستی سیاسی، دەتوانێ بزاڤی نیشتیمانیی کورد کەرت بکا و لێکی دابڕێ. لێرەدا، ڕەخنەیەک کە بەرەڕووی بزاڤی کورد لە ڕۆژهەڵات دەکرێتەوە ئەوەیە کە نەیتوانیوە بەپێی پێویست گەشە بە بیری کوردایەتی و نیشتیمانپەروەری لەو ناوچانەدا بدات کە زۆرینەی کوردەکانی پێڕەوی ئایینزای شیعەن. ئەمەش کەمایەسییەکی گەورەیە لە بزاڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا. باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان واتە ناوچەکانی کرماشان ، ئیلام و لوڕستان کە زۆرینەی دانیشتوانی شیعەن ، بۆ بزاڤی کورد زۆر گرینگن و پێویستە ڕێکاری ستراتیژیک بۆ گەشەسەندنی بزاڤی نیشتیمانی کورد لەو ناوچانەدا ڕەچاو بکرێ .

● **دوای ئەویکە سەبارەت بە هەڵوێستی بزاڤی ئازادیخوازانەی گەلەکەمان بەرانبەر بە ئایین و ئایینزاکان باسمان کرد ئاوڕێکمان دایەوە لە پیلانەکانی کۆماری سێدارەی ئیسلامیی ئێران و هەوڵی ئەو ڕێژیمە بۆ کەڵکاژۆ وەرگرتن لە ئایین دژ بە کوردستان، ئەم پرسیارەم لە بەرێز ڕەهنمون پرسی کە ئێمە دەبێ بەرانبەر بەو پیلانانە چی بکەین و چ دژکردەوەیەکمان هەبێ کە کاک عێرفان وتی:** تەنیا کارێک کە پێویستە بیکەین ئەوەیە کە وشیاریی نەتەوایەتی لە هەموو ناوچەکانی کوردستان دا بڵاو بکەینەوە. دەبێ خوێندەوارانی کورد لە ڕێگەی نووسینەوە کاری تیۆریک لەسەر ئەم پرسە بکەن کە ئایین بەشێک نییە لە شوناسی نەتەوایەتیی کورد، بەڵکو تەنیا زمانی کوردی دەتوانێ خاڵی هاوبەش و لێکگرێدەری هەموو کورد بێ و ئەگەر کورد پێداگری لەسەر شوناسی ئایینی بکات بەهۆی فرە ئایینیبوونی کوردستانەوە، نێوەرۆکی بزاڤی کورد بە لارێدا دەبات و کورد وەک نەتەوەیەکی خاوەن شوناسی هاوبەش، دابەش دەکات بەسەر شوناسی جیاواز و تەنانەت دژ بەیەکدا و ئەمەش واتە پەرتەوازەیی و لێک بڵاوبوونی هاوپێوەندیی نەتەوایەتی .

● **لە کۆتایی وتووێژەکەماندا ئاماژەم بە ڕاسان و حزووری بەردەوامی هێزی پێشمەرگە لە کوردستان کرد و پرسیم بوونی پێشمەرگە لە ناوچە چەندە دەتوانێ کاریگەر بێ لەسەر نێوخۆ و بە پەراوێز خستنی ئەو گروپانە و هەڵگەڕانی لاوانی فریوخواردوو کە**

**کاک عێرفان وڵامی دایەوە و وتی:** ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی ڕاگرتنی خەباتی چەکداری بۆ ماوەی ۲۰ ساڵ، گەلێک زیان و خەساری بەرکەوتووە و یەکێک لە گرنگترینی ئەو خەسارانەش گەشەسەندنی ڕەوتی سەلەفیی جیهادی بووە لە کوردستاندا.

بوونی خەباتێکی چەکداریی ئاگایانەی ناسنامەخوازانەی دێموکراتیک و سیکۆلار بە ئاسانی دەتوانێ تەنگ بە ڕادیکالیزمی ئیسلامی هەڵچنێ و ئەو دەرفەتەی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ گەشەی ئەو گرووپە تیرۆریستییانەی ڕەخساندووە ، بەئاسانی دەتوانێ لەبار ببات و ئەوگرووپانە بخاتە پەراوێزەوە . نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ کە کۆماری ئیسلامی لە دەرفەتی ۲۰ ساڵەی نەبوونی خەباتی چەکداریدا ، بواری گەشەسەندنی بۆ دوو ڕەوتی دژەکورد ڕەخساندوە . واتە ڕادیکالیزمی ئیسلامی و ڕەوتی چۆکدادان بۆ ڕێژیم بە ناوی ڕیفۆرمخوازییەوە . خەباتی چەکداریی ئەو پۆتانسییەلەی هەیە کە هەردووکی ئەو گرووپە دژە شۆڕش و دژە کوردانە بخاتە پەراوێزەوە و سیاسەتی دژە مرۆڤانەی فاشیزمی مەزهەبیی فارس لە کوردستان پووچەڵ بکاتەوە.

شیاوی ئاماژە پێکردنە کە خەباتی چەکداری بە تەنیا بەس نییە بۆ پاشەکشەکردن بە کۆنەپەرەستی، بەڵکو لەپاڵ ئەو خەباتەش دا پێویستە بزاڤێکی فیکری ، ئەدەبی و هونەریی بەرین وەڕێ بخرێ کە لەڕووی فیکری و دیسکۆرسیشەوە، پاشەکشە بە دوژمنانی کورد بکات. ئەم دوو خەباتە واتە خەباتی چەکداری -خەباتی زبر- و خەباتی هزر -خەباتی نەرم - پێکەوە دەتوانن بزاڤی نیشتیمانیی کورد بەرەو پێش ببەن و ئاسۆی سەرکەوتن پیشانی کۆمەڵانی مافویستی خەڵکی کوردستان بدەن .

## تەقەی ڕاستەوخۆی نیزامییەکانی حکوومەتی کوژرانی دوو کاسبکاری کوردی لێکەوتەوە

تەقەیڕاستەوخۆی هێزە ئینتزامییەکانی حکوومەتی ئێران لە شاری ڕوانسەر سەر بە پارێزگای کرماشان دوو کوژرا و برینداریێکی بە دواوە بوو.

شەوی دووشەمە ۲٦ی پووشپەڕ، هێزە ئینتزامییەکانی حکوومەتی ئێران ماشینی هاووڵاتییەکی کوردیان لە نێوان جادەی ڕوانسەر_کرماشان دایە بەر دەستڕێژی گوللە.

هەواڵنێری کوردپا لە شاری ڕوانسەر ڕایگەیاند: لە ئەنجامی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی شوفیری ماشینەکە و یەکێکی دیکە لە موسافێرەکانی کوژران و کەسێکی دیکە بریندار بوو.

هەواڵنێری کوردپا لە شاری ڕوانسەر شوناسی ئەو دوو هاووڵاتییە کوژراوەی بە"حامید عەلی مورادی" خەڵکی شاری جوانڕۆ و "وەلی خانی" خەڵکی گوندی"دێ سوور" سەر بە شاری ڕوانسەر ڕاگەیاندووە.

دەوترێ، هێزە ئینتزامییەکان بە گومانی هەڵگرتنی شتومەکی قاچاغ ماشینی ئەو هاووڵاتییە کوردەیان داوەتە بەر دەستڕێژ.

ئەو هاووڵاتییە کاسبکارە بریندار بووەی ئەو ڕووداوە بۆ چارەسەری پزیشکی ڕەوانەی ناوەندی دەرمانی شاری ڕوانسەر کراوە و هەنوکە لە ژێر چاوەدێری پزیشکی دایە.

پاش ئەو ڕووداوە، هاووڵاتییانی خەڵکی شاری ڕوانسەر لە شوێنی ڕووداوە کۆبوونەوە و لەگەڵ هێزە ئینتزامییەکان تووشی شەڕ و تێکەڵچوون بوون.

بە وتەی ساڵح نیکبەخت، پارێزەری ناسراوی کورد، بەپێی یاسای بنەڕەتی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران، "ئەگەر کەسێک شوفیری ماشینێک بێت، سەرەتا دەبێ تایەی ئەو ماشینە بکرێتە ئامانج و دواتر شوفیرەکە دەستبەسەر بکرێت."

## ۳۰ هێکتار لە داربەڕووەکانی سەرپێڵی زەهاو لە ئاگردا سووتان

ئاگرکەوتنەوە بەردەوامەکانی دارستان و لەوەڕگەکانی ناوچەکانی کوردستان هەناسەی ژینگەی کوردستانی بڕیوە و لە نوێترین حاڵەتدا ۳۰ هێکتار لە داربەڕووەکانی شاری سەرپێڵی زەهاو لە ئاگردا بوونە خۆڵەمێش.

ڕۆژی سێشەممە، ۲۷پووشپەڕ، ۳۰ هێکتار لە داربەڕووەکان و پووش و پاوەنی شارۆچکەی بشیوە و باتاقی شاری سەرپێڵی زەهاو سەر بە پارێزگای کرماشان لە ئاگردا سووتان.

ئەو ئاگرکەوتنەوەیە پاش ۱٦ کاتژمێر بە هاوکاری ژینگە پارێزان و ژینگە دۆستان و خەڵکی ئەو ناوچەیە کۆنترۆڵ کرا.

بەپێی دوایین زانیارییەکان ئەو ئاگرکەوتنەوەیە بوو بە هۆی سووتانی ۳۰ هێکتار لە داربەڕوەکانی ئەو ناوچەیە و خەرسارێکی بەرچاوی بە ژینگە و ئێکۆسیستمی ئەو ناوچەیە گەیاندووە.

لە سەرەتای ئەمساڵدا، چەند جار دارستانەکانی ناوچەی سەرپێڵی زەهاو بە هۆکاری نادیار ئاگریان گرتووە و لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکوومەتی کەمترین هەوڵیان لەو بارەیەوە بۆ کۆنترۆڵ کردنی ئەو ئاگرکەوتنەوانە نەداوە.

شاری سەرپێڵی زەهاو بە حەشیمەتی ۹۰ هەزار کەسی لە ڕۆژئاوای پارێزگای کرماشان هەڵکەوتووە و ٤۸ کیلۆمێتر سنووری هاوبەشی لەگەڵ وڵاتی عێراق دا هەیە و هەروەها زیاتر لە ۸۸ هەزار هێکتار دارستان و لەوەڕگەی هەیە.

هەر لەو پەیوەندییەدا، دارستانەکانی شاخی کۆساڵان سەر بە شاری سەوڵاوا، بە هۆی تۆپباران کردنی هێزەکانی سپای پاسداران ئاگریان گرت و نزیکەی ۲۷۰ هێکتار لە ۵۷ هەزار هێکتاری ئەو ناوچەیە لە ئاگردا سووتان.

# پێوەر و پرەنسیپە نەگۆڕەکانی قاسملوو لە سیاسەتدا بە نیسبەت کوردەکانی پارچەکانی دیکە



**عەلی مونەزەمی**

دوکتور قاسملوو وەک ڕێبەرێکی کاریزمای خاوەن ئەخلاق، لە سیاسەتدا خاوەنی زۆر پرەنسیپی نەگۆڕ بوو کە ئەو تایبەتمەندییە دەگمەنە ئەوی لە هەموو ڕێبەرانی دیکەی کورد جیا دەکردەوە و سەنگ و گرانییەکی لە ڕادەبەدەریان پێ بەخشیبوو کە دۆست و دوژمن حیسابیان لێ دەبرد. لەم وتارەدا هەوڵ دەدرێ لە سەر هەندێک لەو پرەنسیپە بنەڕەتییانە کە دوکتور قاسملوو لە سیاسەتدا بە کاری دەبردن و ڕاستەوخۆ پێوەندی بە کوردەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستانەوە هەبوو، بخرێتە بەر باس و شرۆڤە و بە کورتی باسیان لێ بکرێ. هیوادارم کە ئەو باسە ببێتە دەستپێکێک بۆ هاندانی زانایان و ئاکادێمیسیەنەکانی کورد بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر و وردتر لە سەر ئەو لایەنە لە کار و تێکۆشانی شەهید دوکتور قاسملوو هەتاکوو گەلی کورد بتوانێ لەو ئەزموونە بەنرخانە لە پێشەرۆژدا کەڵکی پێویست وەربگرێ.

● **نێونەتەوەیی کردنی پرسی کورد و گرێنەدانی ئەو پرسە بە یەک پارچەوە:** دوکتور قاسملوو لە سەر ئەو باوەڕە بوو کە دەبێ لە ئورووپا و ئامریکا بیر و ڕای گشتی و جیهانی بۆ لای مەسەلەی کورد ڕابکێشرێ. ئەو پێی وابوو کە بۆ بە نێونەتەوەیی کردنی پرسی کورد، پێویستە کە هەرا و هوریایەکی زۆر ساز بکرێ لە ڕێگای ساز کردنی کۆنفرانسی چاپەمەنی، نووسین لە ڕۆژنامەکان و ئاخاوتن لەگەڵ ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکان و کەسایەتییەکان و هەروەها هەوڵ بدرێ کە ڕێکخراوە دێموکراتیک و پارلمانەکان دیفاع لە گەلی کورد بکەن. دوکتور قاسملوو هەروەها بۆی جێگای داخ بوو کە دەبێ هەزاران کورد بکوژرێن و کیمیاباران بکرێن تاکوو وڵاتانی ڕۆژئاوایی و زلهێزەکان ئاوڕێک لە کورد بدەنەوە. ئەو لە سەر ئەو باوەڕە بوو کە نابێ پرسی کورد و مافەکانی تەنیا بە هێرشی کیمیاییەوە گرێ بدرێ یان تەنیا گرینگی بە یەک پارچەی کوردستان بدرێ. ئەو پێی وابوو کە هەموو کاتێک دەبێ لە هەوڵدا بین کە مەسەلەی کورد وەک پرسی کۆمەڵێکی ٢٥ میلیۆن کەسی (بە گوێرەی ئاماری ئەو کاتەی کە کاک دوکتور لە ژیاندا بوو، مەزندە دەکرا کە کورد ٢٥ میلیۆن بێ. ئێستا دوو ئەوەندە دەبێ.) مەترەح بکرێ و هەموو ڕەهەندەکانی ئەو پرسە بخرێنە بەر باس. شەهید دوکتور قاسملوو بۆ خۆی لە چالاکییە دیپلۆماتیکەکانیدا لە سەر ئەو ئەسڵە دەڕۆیشتە پێش. لە بەر ئەوەی قاسملوو بۆ خۆی باوەڕی وابوو کە کورد یەک نەتەوەیە و کوردستانیش یەک نیشتمانە بۆ هەموویان و ئەگەر کورد ڕۆژێک مەجالی ئەوەیان هەبێ کە یەک بگرن و کوردستانێکی یەکگرتوو ساز کەن، ئەوە دابەش کردنی وڵاتی هیچ کەس نییە بەڵکوو یەکگرتنەوەی کوردستانە کە بە بێ ویستی کورد دابەش کراوە.

بۆ قاسملوو چارەنووسی هەموو گەلی کورد پێکەوە گرێدراو بوو و باوەڕی وابوو کە شکان و سەرکەوتنی هەر بەشێکی کوردستان نەک تەنیا کارتێکەریی هەیە لە سەر بەشەکانی دیکە بەڵکوو هی ئەوانیش حیسابە و ڕاستەوخۆ پێوەندیی بە هەموو نەتەوەی کوردەوە هەیە.

دەڵێن کاتێک کە ئەو دەعوەت کرابوو بۆ کۆنگرەی ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیست و بڕیار بوو مام جەلالیش لەگەڵ خۆی بەرێ، بە مام جەلالی گوتبوو کە پێویست ناکا لەوێ باس لە خەباتی پێشمەرگانە بکرێ بەڵکوو پێویستە کە ئێمە وەک کورد، داوای پشتیوانیی مەعنەوی و سیاسی بکەین بۆ گەلی کورد. کاک دوکتور لە یەکێک لە کۆبوونەوەکانی دا لەگەڵ پێشمەرگەکانی مەڵبەندی شیمال ئاماژە بەو یەکە دەکات و دەفەرمێ: " کورد بە داخەوە لە کوردستانی عێراق دەچوونە هەر جێگایەک داوای ئەو دوو شتەیان [چەک و پارە] دەکرد. بەڵام ئێمە داوای پشتیوانیی سیاسی دەکەین."

● **دەبێ کورد لە چوارچێوەی پێوەرەکانی خەباتی ڕەوادا تێکۆشان بکا:**

دوکتور قاسملوو سیاسەتمەدار و ڕێبەرێکی خاوەن ئەخلاق بوو کە هەموو لایەنەکانی کوردستانی لە هەموو پارچەکانی هان دەدا و پێداگری دەکرد کە لە خەباتی خۆیاندا بۆ گەیشتن بە ئامانج و دابین کردنی مافی چارەنووسی گەلی کورد گرینگە کە لە کەرەستەی ڕەوا کەڵک وەربگیرێ. ئەو یەکە لە خەباتی دوکتور قاسملوودا ئەسڵێکی نەگۆڕ و سەنترال بوو. ئەو پێی وابوو کە دەبێ نیشان بدرێ بزووتنەوەی کورد، بزووتنەوەیەکی دێموکراتیک و مرۆڤدۆستە کە دورە لە تیرۆریزم و کردەوەی تیرۆریستی. ئاکامی ئەو کارە دەبێتە هۆی ئەوەیکە لە دەرەوەڕا گوێ لە قسەی ڕێبەرانی کورد ڕابگیرێ و پشتیوان بۆ بزووتنەوەکەی پەیدا دەبێ. کاک دوکتور لەو بارەوە دەڵێ:" بیروڕای گشتی لە ئورووپا ڕەنگە جیاوازییەک لە نێوان ڕێکخراوە کوردەکان و ئەو وڵاتانەی کە ئەوان تێکۆشانیان تێیاندا هەیە دانەنێ. هەر ئەوەندە کە دەستەیەک تەنانەت ئەگەر زۆر بچووکیش بێ، کارێکی نایاسایی بکا، هەموو بزووتنەوەی کورد بە بەرپرس دەناسرێ. ... ناکرێ بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی پیرۆز ڕێگای ناڕەوا هەڵبژێردرێ، بێ ئەوەی ئامانجەکە زیانی قورسی وێ نەکەوێ". هەروەها بە کردەوەش کاک دوکتور هەوڵی داوە و لە ڕێگای ڕێنوێنی و دۆستایەتی لەگەڵ ڕێبەرانی هەندێک لایەنی کوردی کە تێکەڵاوییەکی زۆریان لەگەڵ تیرۆریستە فلستینییەکانی وەک "جۆرج حەبەش" و "وەدیع حەداد" هەبوو و تەنانەت هەوڵیان دەدا کە لە ڕفاندنی فڕۆکەدا یارمەتیی ئەو تیرۆریستانە بکەن و هەندێک جاریش لە شەڕ دژی دوژمنانی گەلی کورددا خەڵکیان بە بارمتە دەگرت، دوور بخاتەوە و تێیان بگەیەنێ کە ئەم کارانە دەکەونە خانەی کردەوە قیزەونەکان و نابێ بکرێن و نابێ سیمای شۆڕشەکانی کورد بەو کارانە ناشیرین بکرێن.

> " بیروڕای گشتی لە ئورووپا ڕەنگە جیاوازییەک لە نێوان ڕێکخراوە کوردەکان و ئەو وڵاتانەی کە ئەوان تێکۆشانیان تێیاندا هەیە دانەنێ. هەر ئەوەندە کە دەستەیەک تەنانەت ئەگەر زۆر بچووکیش بێ، کارێکی نایاسایی بکا، هەموو بزووتنەوەی کورد بە بەرپرس دەناسرێ. ... ناکرێ بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی پیرۆز ڕێگای ناڕەوا هەڵبژێردرێ، بێ ئەوەی ئامانجەکە زیانی قورسی وێ نەکەوێ".

● **سەربەخۆیی سیاسی:**

دوکتور قاسملوو سەربەخۆیی سیاسی بە یەکێک لە پێوەرە گرینگەکان بۆ کەسایەتیی دێموکراتیک دەزانێ و لە لەوحی "سیمای دێموکرات" و لە زۆرێک لە نووسین و ئاخافتنەکانی دا ئاماژەی پێداوە. بۆ دوکتور قاسملوو سەربەخۆیی سیاسی چەندین ڕەهەندی هەبوو: ١. تاکێک کە خاوەنی سەربەخۆیی سیاسی بێ، کەسایەتییەکی خاوەن هەڵوێستە و ڕەخنەگرە، بەڵام هەر لەو کاتەشدا کەسێکە کە ڕێزی بەرامبەرەکەی دەگرێ و دوورە لە چاپلووسی کردن. ٢. لە سەر ئاستی ڕێکخراوەیی، ئەوەیە کە ڕێکخراوەکە بەستراوە نەبێ بە حیزب و لایەنەکانی دیکەوە و بتوانێ بۆ خۆی بڕیاردەر بێ. لەو بوارەش دا، کاک دوکتور قاسملوو دەفەرمێ کە ئێمە سەربەخۆیی خۆمان زۆر خۆش دەوێ، دۆستایەتی دەکەین بە فیدای سەربەخۆییمان بەڵام هیچ کاتێک سەربەخۆییمان ناکەینە قوربانی دۆستایەتی. کاک دوکتور بە کردەوە و لە دوو کاتی جیاوازدا توانی سەربەخۆیی سیاسی بۆ حیزبەکەی بگەڕێنێتەوە. ئەو هەر لەو کاتەدا کە سەربەخۆیی سیاسیی حیزبەکەی خۆش دەویست، ڕێزی لە سەربەخۆیی سیاسیی حیزبەکانی دیکەش دەگرت و هیچ کاتێک ئەو ئیزنەی بە خۆی نەدەدا کە دەست بخاتە نێو کاروباری سیاسیی حیزبێک یان لایەنێکەوە. ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان دەبێ لەگەڵ یەکتر پێوەندیی دۆستانە و برایانەیان هەبێ و لە سەر پرسە گشتییەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی پێکەوە هاوکاری بکەن، بەڵام نابێ دەست لە کاروباری یەکتر وەردەن.

● **پێوەندیی دیپلۆماتیک لەگەڵ حکوومەتە داگیرکەرەکانی کوردستان بە مەرجێک کە زیان بۆ کوردەکانی بندەستی ئەو حکوومەتانە نەبێ**

ژێئۆپۆلیتیکی کوردستان بە جۆرێک هەڵکەوتووە کە هەموو جیرانەکانی کورستان لەو وڵاتانە پێک دێن کە بەشێک لە خاکی کوردستانیان داگیر کردووە. حیزب و لایەنەکانی کورد بۆ ئەوەیکە بتوانن درێژە بە کار و چالاکییەکانی خۆیان بدەن، ناچار بوون کە لە ناکۆکییەکانی نێوان ئەو داگیرکەرانە کەڵک وەربگرن تاکوو بتوانن جێگایەک وەک "پشتی جبهە" بۆ خۆیان دابین بکەن و دەرفەتیان هەبێ درێژە بە خەبات لە دژی داگیرکەرێکی دیکەی کوردستان بدەن. ئەو هەل و مەرجە تا کاتی ئازادبوونی باشووری کوردستان درێژەی کێشا؛ بەڵام دوکتور قاسملوو توانی پرەنسیپێک لە نێو حیزبەکەیدا جێ بخات لە پێوەندییەکانی نێوان حکوومەتی بەعس و حیزبی دێموکرات دا کە بۆ ئەوە دەبێ هەموو پارتەکانی کورد دەرسی لێوەربگرن. ئەویش ئەوە بوو کە حیزبی قاسملوو هیچ کاتێک لە سەر حیسابی کوردەکانی باشوور، کاری دیپلۆماتیکی لەگەڵ حکوومەتی بەعس نەکردووە و ئەو یەکە لەلایەن زۆر کەسەوە پشتڕاست کراوەتەوە و دوای ڕوخانی حکوومەتی بەعس و هاتنەسەرکاری لایەنێکی نیزیک لە ئێران، هیچ بەڵگەیەک ڕوو نەکراوەتەوە کە بەرەڤاژیی ئەو یەکە بسەلمێنێ. بەڕێز مەسعوود تەک، ڕێبەری پارتی سۆسیالیستی کوردستان لە سەر ئەم مژارە دەفەرمێ: کە حیزبە کوردستانییەکان دەبێ لەو بارەوە لە حدکا میناک وەربگرن.

هەر لە چوارچێوەی ئەو پێوەرانەی ئاماژە پێکرا، پێویستە کە بوترێ قاسملوو هەم بۆ خۆی وا بوو و هەمیش حیزبەکەی وا فێر کردووە کە هەموو کاتێک بەرژەوەندییەکانی نەتەوەیی لە سەرەوەی هەموو بەرژەوەندییەکان دانێن و هیچ کاتێک بەرژەوەندیی تەسکی حیزبایەتی نەکرێتە هۆی ئەوەیکە بەرژەوەندییەکانی نەتەوەیی تووشی زەرەر و زیان بن.

**به کورتی:**

دوکتور قاسملوو وەک ڕێبەرێکی کاریزمای خاوەن ئەخلاق و نەتەوەپەروەرێکی ئازادیخواز لە پێوەندی بە خەڵک، ڕێکخراو و حیزبە سیاسییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان هەندێک پێوەری بنگەهین لە سیاسەتدا جێی خستوونەتەوە کە جێگای سەرنج و لێ وردبوونەوەیە:

- دەبێ هەوڵ بدرێ کە پرسی کورد بە نێونەتەوەیی بکرێ و بۆ ئەم مەبەستە دەبێ هەوڵ بدرێ پرسی کورد وەک یەک نەتەوە مەترەح بکرێ نەک پرسی کورد لە هەر پارچەیەک بە جیا.
- دەبێ کورد لە خەباتی خۆیدا لە چوارچێوەی خەباتی ڕەوادا خەبات بکا و کارێک نەکا کە زەربە لە ئامانجەکەمان بکەوێ و لە بەر چاوی خەڵکی بیانی سیمای ئەو خەباتە خەوشدار بکرێ.
- دەبێ لە نێوان ڕێکخراوە کوردستانییەکاندا پێوەندیی دۆستانە هەبێ، بەڵام نابێ دەست بخەنە نێو کار و باری یەکترەوە (پاراستن و ڕێزگرتن لە سەربەخۆیی سیاسیی خۆیان و بەرامبەرەکەیان).
- نابێ حیزبی پارچەیەکی کوردستان لە سەر حیسابی کوردەکانی پارچەیەکی دیکەی کوردستان پێوەندییەکانیان لەگەڵ وڵاتان دابمەزرێنن.

**ژێدەرەکان:**

**١ـ کاوە بەهرامی؛ دوکتور قاسملوو، ڕێبەرێکی مودێرن و شۆڕشگێڕێکی دێموکرات**
**٢ـ کاوە بەهرامی؛ تاڤگەی هەقیقەت، بەرگی یەك**
**٣ـ سەلاح ڕەشید، (چاپی یەکم، ٢٠١٧)، مام جەلال - دیداری تەمەن – لە لاوێتیەوە بۆ کۆشکی کۆماری.**
**٤ـ علی منظمی (٢٠١١)، ترجمە: کیهان یوسفی، اندیشەهای قاسملو دەربارە دمکراسی برای ایران کثیرالملله**
https://www.youtube.com/watch?v=d٦LKMzy٧j٥٠
https://www.youtube.com/watch?v=WMsn٠٣٦_CgQ

**دوکتور ئیدریس ئەحمەدی لە وتوویژ لەگەڵ ڕۆژنامەی کوردستان**

# ئاسۆی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەندە بە گەشەپێدانی ڕاسان تاکوو پوتانسییەلی جیئۆسیاسی و جیئۆستراتێژیکی ڕۆژهەڵات مسۆگەر بێ



**سیاسەتی دەرەکیی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دوای هاتنە سەرکاری ئیدارەی ترامپ و گۆڕانی هاوکێشە سیاسییەکان لە ناوچەکەدا و ڕۆڵ و پێگەی کورد، تەوەری ئەم دیمانەی ڕۆژنامەی کوردستانە لە گەل د. ئیدریس ئەحمەدی.**

**● سیاسەتی دەرەکی ئامریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە دوای هاتنە سەرکاری دۆناڵد ترامپ دا چ ئاڵوگۆڕێکی بەسەردا هاتووە؟**

کە ئەگەڕێتەوە سەر ڕۆژهەڵاتی ناوین، ئیدارەی ترامپ درێژەدەری ستراتێژییەکە کە پاش شکستی ستراتێژی ئیدارەی بووش بەرە بەرە هاتە کایەوە و لە سەردەمی دەسەڵاتدارییەتی ئۆبامادا بە تەواویی شکڵی گرت. ستراتێژی گۆڕینی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان و بڵاوکردنەوەی دێموکراسی جێگەی خۆی داوە بە ستراتێژی ڕاگرتنی پارسەنگی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا. هەڵبەت سیاسەتی ئیدارەی ترامپ بە بەراورد لەگەڵ ئیدارەی پێشوو، گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

**● چ جۆرە گۆڕانێک و بۆچی ستراتێژی و سیاسەت لێک جیا دەکەیتەوە؟**

بۆ بەرچاوڕوونی زۆرتر، دەشێ ستراتێژی و سیاسەت لێک جیا بکەینەوە. ستراتێژی بریتییە لە پێناسەکردنی کۆمەڵێک بەرژەوەندی و هەر لەو پێوەندییەشدا دیاریکردنی دۆست و دوژمن، ئەویش بە شێوەیەکی کەم تا زۆر سابیت و دوورمەودا. سیاسەت دەکرێ بە مەبەستی کورتمەودا دابڕێژرێ و زۆرتر گۆڕانی بەسەردا بێ. بەڵام گۆڕان دەشێ بە شێوەی بنەڕەتی و بەرچاو ڕوو بدا، یان بە پێچەوانە، یان خێرا بێ یان ئەوەی بە ئەسپایی بێتە کایەوە. هەروەها دەبێ جیاوازی لە نێوان سیاسەتی گوتاریی و سیاسەتی کردەییدا دابنێین.

**● ئەو جیاوازییە چ گرنگییەکی هەیە؟**

لێدوانی توند یان نەرم دەکەوێتە خانەی سیاسەتی گوتاریی یان زارەکییەوە و جیایە لەگەڵ سیاسەتی کردەیی، بۆ نموونە سەپاندن یان هەڵگرتنی گەمارۆ لە سەر وڵاتێکی نەیار. ئەوە بەو مانایە نییە کە سیاسەتی گوتاریی گرنگ نییە، چوونکە لە ڕێگای سیاسەتی گوتارییەوە لایەنێکی سیاسیی، نیەتی خۆی ڕادەگەیەنێ. هەڵبەت مەسەلەیەکی حاشاهەڵنەگرە کە بە بەراورد، سیاسەتی کردەیی گرنگترە. هەڕەشەکردن لە ڕێژیمێکی دیکتاتۆر لەلایەک و بەرەوڕووبوونەوەی نیزامی لەگەڵی بێ گومان بایەخ و ئاکامی جیاوازیان هەیە. ئەمانە مەسەلەی زۆر سادەن، بەڵام گرنگییان لەوەدایە کە بۆ لێکدانەوەی بەردوامیی و گۆڕان لە سیاسەتی دەرەوەی زلهێزێک وەک ئەمریکا، بەسوودن. زۆر مەسەلەی دیکەی چەمکی و تیۆریک هەن کە باسکردنیان لە چاوپێکەوتنێکی وادا گونجاو نییە.

**● زۆر باشە، ئەگەر بگەڕێینەوە سەر بەردەوامیی و گۆڕان لە ستراتێژی و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا، لە چ ڕوویەکەوە و تا چ ڕادەیەک بەردەوامیی لە هەردوو بواردا هەبووە و لە چ ڕوویەکەوە تا چ ڕادەیەک گۆڕان لە هەر کامیاندا هاتووەتە کایەوە؟**

گۆڕانێک کە لە دە ساڵی ڕابردوودا بە ئەسپایی لە ستراتێژی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوین دا هاتووەتە کایەوە، بریتی بووە لە وازهێنان لە گۆڕینی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان و بڵاو کردنەوەی دێموکراسی بۆ پاشەکشەکردنی نیزامی و ڕاگرتنی پارسەنگی هێز. عێراق و ئێران دوو وڵاتی کلیدی ناوچەکەن کە بابەتی سەرەکی و تەنانەت بزوێنەری دیاریکردن و گۆڕان لە ستراتێژی و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بوون. هەڵبەت لە پاڵ دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی لە زۆر وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوین، سەرهەڵدانی ئیمپراتۆریەتێکی نافەرمی ئێرانی ("نافەرمی" بەو واتایەی کە ئێران بە فەرمی سنووری وڵاتانی دیکەی نەگۆڕیوە) وای کردووە پانتاییەکی جوگرافی بەرینتر بە شێوەیەکی لێکگرێدراوی جیئۆسیاسی و تایفەیی کە لە ئێرانەوە تاکوو لوبنان لە خۆ دەگرێ، بۆ ئەمریکا ببێتە چالێنج و بگرە هەڕەشەش.

پاش شکستهێنانی ئەمریکا لە عێراق (شکستێک کە ئێران دەوری باڵای تێدا گێڕا) سیاسەتی ئۆباما بریتی بوو لە هەڵکردن لەگەل ئێران بە مەبەستی دیتنەوەی چارەیەک بۆ قەیرانی ناوکی. سیاسەتی هەڵکردن لەگەڵ ئێران لە دەورەی دووهەمی بووشدا هاتە کایەوە، بەڵام ئۆباما بردیە لووتکە و لە دەستی ویدا بوو بە دانی ئیمتیازی بەرچاو بە ئێران و هەروەها چاوپۆشیکردن لە سیاسەتی پێکهێنانی ئیمپراتۆری نافەرمی ئێرانی لە ناوچەکەدا. ڕەخنەگرانی ئۆباما تەنانەت دەڵێن سیاسەتەکانی ناوبراو، بوونە هۆی بەهێز کردنی ئێران. دواجار بە پاشەکشەکردنی نیزامی لە عێراق لە ساڵی ٢٠١١دا، ئەمریکا بە ئەسپایی ستراتێژی خۆی لە حزووری بەرچاوی نیزامی و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی مەترسییەکانەوە بە ڕاگرتنی پارسەنگی هێز سنووردار کرد.

یەکێک لە نیشانەکانی ئەم ستراتێژییە ئەوە بوو کە ئۆباما ئامادە نەبوو نە لایەنی سوننە، نە لایەنی شیعە بگرێ، هەرچەند لە کردەوەدا بەرەی شیعەی بەهێز کرد. ئەگەر داعش هێرشی بۆ سەر کوردستان نەکردبایە و کاری تیرۆریستی لە ئەورووپا ئەنجام نەدابایە، ئەمریکا بە ئیحتمالی زۆر دەیتوانی لە ناوچە سوونییەکانی سووریا و عێراق تەحەموولی بکا. دواجار داعش بوو بە نێعمەت بۆ ئێران و یارمەتیدەری ستراتێژی وەدیهێنانی ئیمپراتۆری نافەرمی ئێران، دەنا لە ئاست ستراتێژیدا، ئەمریکا ئەنگیزەی لایەنگیری لەو شەڕە تایفەییەدا نەبوو.

سیاسەتی گوتاریی ئیدارەی ترامپ هەر لە سەرەتاوە بەرانبەر بە ئێران توند بووە و تەنانەت هێندێک کاربەدەستی باڵای کۆشکی سپی باسی گۆڕینی ڕێژیمی ئیسلامی ئێرانیان کردووە. هەڵبەت ترامپ ڕێککەوتنی ناوکی هەڵنەوشاندووەتەوە. لە کردەوەدا، ئیدارەی ترامپ گەمارۆی تازەی سەپاندووە بە سەر ئێراندا، ئەویش سنووردارن و لە پەیوەندی لەگەڵ بەرنامەی مووشەکیی ئێران و پشتیوانیی کردنی لە تیرۆردان.

لەلایەکی دیکەوە، ئیدارەی ترامپ لە ئیسرائیل و سعوودییەوە نزیک بووەتەوە و لە ڕووی سیمبۆلیک و دیپلۆماسییەوە، پشتی بەرەی سوننەی گرتووە دژ بە ئێرانی شیعە. هەڵبەت ئەمەیان لە ڕاستای ڕاگرتنی پارسەنگی هێزدایە و لە ڕووی ستراتێژییەوە گۆڕانێکی ئەوتۆ نییە، چوونکە سیاسەتی ئۆباما بەرانبەر بە ئێران لە کردەوەدا یارمەتیدەری ستراتێژی ئیمپێریالیستی ئێران بوو. ئیدارەی ترامپ دەیەوێ پاشەکشێ بە ئێران بکا لە ناوچەکە، بە تایبەت لە عێراق و سوریا. ئەمریکا لە عێراق دیسان حزووری نیزامیی خۆی پەرە پێداوە و ئەو حزوورە دوای شەڕی داعشیش درێژەی دەبێ. لە سووریا، ئەمریکا بە شێوەیەکی سنووردار گورزی لە ئێران و دارودەستەکانی وەشاندووە. گەرچی سیاسەتی گوتاریی ئیدارەی ترامپ توندە و گۆڕینی ڕێژیم لە خۆ دەگرێ، بەڵام تاکوو ئێستا تەرجەمە نەبووە بە بواری سیاسەتی کردەکی.

**● لە عێراقدا ئێران حکوومەت دەکا و ئێستا بە سەرهەڵدان و جێگیربوونی حەشدی شەعبی، ئەو حکوومەت کردنە بواری نیزامیشی گرتۆتەوە. لە پاڵ ئەمەشەوە، کێشەی تایفی لە عێراق، تەنانەت دوای شکستی داعشیش هەر درێژەی هەیە. لە لایەکی دیکەوە، باشووری کوردستان کە هەنگاو دەنێ بەرەو سەربەخۆیی، هاوپەیمانی قایمی ئەمریکایە. سەرەڕای ئەم ڕاستییانە، ئەمریکا هەر سوورە لە سەر سیاسەتی "عێراقی یەکپارچە" و کۆشکی سپی لە ئێستادا ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە باشووردا، بە گونجاو نازانێ. ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

سیاسەتی ئەمریکا لە هەمبەر عێراق لە سەر چەند فەرزێک ڕاوەستاوە. یەکەم ئەوەی کە بە پشتیوانی خودی ئەمریکا و بووژاندنەوەی ئابووریی عێراق، دواجار ناسیۆنالیزمی عەرەبی بتوانێ زاڵ بێ بە سەر تایەفەگەریی لەو وڵاتەدا. دووهەم ئەوەیکە دەوڵەتی ناوەندی عێراق ببێتە دۆستی ئەمریکا و دواجار سەربەخۆیی خۆی بەرانبەر بە ئێران وەدەست بهێنێ. ئامانجی دوورمەودای ئەمریکا ئەوەیە کە عێراقێکی بەهێز، ناوەندی و دوور لە کێشەی تایەفی، بتوانێ بە وەکالەت لە بەرانبەر ئێراندا ڕاوەستێ و بە گشتی لە ڕاستای ڕاگرتنی پارسەنگی هێز بە قازانجی ئەمریکا لە ناوچەی کەنداو، دەور بگێڕێ. ئەوەش لە ڕوانگەی خۆیانەوە وا دەخوازێ کە پێداگر بن لە سەر یەکپارچەیی خاکی عێراق.

بەڵام ئەو فەرزانە نەک تەنیا باس هەڵگرن، بەڵکوو خوێندنەوەی واقیعیاتی عێراق نیشانی دەدا کە وەهم و ئارەزوون تاکوو ئەوەی بنەمای سیاسەتێکی ژیرانە لە ڕاستای پاراستنی بەرژەوەندی دوورمەودای ئەمریکادا پێک بێنن. تەنانەت ئەگەر بەشێک لە ئابووریی عێراق ببووژێتەوە، نە ناسیۆنالیزمی عەرەبی دەتوانێ زاڵ بێ بە سەر تایەفەگەریی شیعە و سوننەدا، نە بەغدا دەبێ بە دۆستی ئەمریکا و نە ئێرانیش ڕێگە دەدا عێراق بەو ئاڕاستەیەدا بڕوا.

**● بە گشتی ئەم بەردەوامیی و گۆڕانانە لە ستراتێژی و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا چ ئاکامێکی بۆ گەلی کورد و کوردستان دەبێ؟**

ئەگەر لە ڕابردوودا ڕێکخراوی کوردی لە بەشێک لە کوردستان سوودی تاکتیکی بۆ ئەمریکا هەبووبێ، ئێستا بە ڕوونی دووبەشی باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان خاوەن گرنگیی جیئۆسیاسین بۆ وی. ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش نەک تەنیا ئەو پوتانسییەلەی هەیە، بەڵکوو دەتوانێ گرنگیی جیئۆستراتژیکیشی هەبێ.

**● بۆ و بە چ شێوەیەک؟**

دوورکەوتنەوەی تورکیا لە ڕۆژئاوا، شەڕی نێوخویی لە سوریا و عێراق و بەتایبەت سەرهەڵدانی ئیمپراتۆریی نافەرمی ئێران، دواجار ئەمریکا ناچار دەکا قورسایی بخاتە سەر کوردستان و ئەو هێزە کوردییانەی کە هەم دێموکراسیخوازن و هەمیش توانایی نیزامییان هەیە.

هێزی کوردی لەو سێ بەشەی کوردستاندا دەبێ لە ڕووی ئایدیولۆژییەوە پلۆرالیزم و دێموکراسی جێگیر بکەن و توانایی ئەوەیان هەبێ کە لە بواری نیزامییەوە ژینگەی جیئۆسیاسی بە قازانجی نەتەوەی کورد بەجۆرێک شکڵ پێ بدەن تاکوو ئەمریکا کوردستان بکا بە بنەما بۆ داڕشتنەوەی ستراتێژیی خۆی.

لە باشوور پلۆرالیزم هەیە، بەڵام کۆدەنگی نەتەوەیی و حکومەت و هێزی نیزامیی دامەزراوەیی بەهێز لە ئارادا نین. لە ڕۆژئاوا پلۆرالیزم نییە، بەڵام دامەزراوەی نیزامیی یەکدەست بوونی هەیە. لەو دوو بەشەی کوردستاندا، پێویستە خاڵە لاوازەکان بکرێن بە خاڵی بەهێز.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، ئاسۆی کورد بەندە بە گەشەپێدانی ڕاسان تاکوو پوتانسییەلی جیئۆسیاسی و جیئۆستراتێژیکی ڕۆژهەڵات مسۆگەر ببێ. ئەوەش بە نۆرەی خۆی بەندە بە یەکڕیزی ڕێکخراوەیی نێو حیزبی دێموکرات و ڕیفۆرمی ڕێکخستنەکانی ئەو حزبە و دواجاریش بەهێزکردنی هێزی پێشمەرگە و تەیارکردنی خەڵکی مەدەنی لە شارەکانی کوردستان.



# شێعرێکی خاکیپۆش

**کوڵباخ بەهرامی**

کە دەستم بە چەکی قەڵەمەوە دەلەرزێ
وشەکان دەزانن
پووشپەڕی ئەم وەرزەم
بازێکە سەرتاپا برین و
چاوێکە لە گۆمی خوێن هەڵکێشراو
سەدەیەك هەستانە بە بەرگی
خۆڵاوی حەماسەی ڕاسان و
ئێستاکەش گوڵاڵەی شەهیدی
شارێکە خاکیپۆش.
چاوەڕێی هاتنی وەرزێکە
بە باڵی تەیرێکی بەخشەندە
برژێتە ژوورێکی تۆزاوی سەنگەری و
جامانە بخەیتە سەر شانی بەرزیەوە.
کە دەنگم لە گەرمەی وتنەوەی ناوتدا دەلەرزێ
چیاکان دەزانن
هەر کلپەی برینە
کە باڵای بەردینی جوانترین
شاخەکان بە بچۆکدا دادێنێ و
ئەوەتا ساڵێکە کوێستانان چاوەڕێن
لەوپەڕی سنووری وڵاتی سوورەوە
دوو دیدەی هەتاویت بنێریت،
کوێرایی ئەم کۆستەم دابدات،
دەستانی چیاییت بێنەوە سەرشاخ و
کاکۆڵی کۆساڵان بە هۆنەی هەناسەت شانە کەی.
بێیتەوە
نیشتمان بخەیتەوە ناو چوارخانەی جامانەت.
٢٨ ساڵە لەم وەرزە
سەری لە چیا بەرزتری ئازادیمان
دەگاتە لای پیاوچاکانی نووسینەوەی نەخشەی
دونیای دیپلۆماسی،
هاواری خوێن لێ نەبڕاوی گەرووی سوورمان
دەگاتە گوێی کپ و کرِی حوکمی دادگای نێودەوڵەتی،
٢٨ ساڵە تۆ لەوێ
هەتاوی بەخشەندەییت و
بەسەر جەستەی ئەورووپایی زامەکانا هەڵدەزنێی
خەندەیەکی شیرینی مەیلەو دابڕان
دەنێریتەوە بۆ کۆیە و بۆ ئازادی .
لە فێرگەکەی سەروان چەکۆ تا پیرلاشێز
لە کۆساڵانەوە تا بەرلین
لە کێلەشینەوە تا ڤیەنا
لە بۆڕییەرەوە تا میکۆنۆس
من لێرە هاواری کۆترێکی پێکاوم
بێسیمی فەرماندە
بۆ پەلی سەرەوەی شاخانی دەنێرێت.
سووتماکی ڕەشپۆشی گوندێکی رووخاوم
شەهیدم میوانیە و وەك دایك
بە زامی سەختەوە دەینێژێت.
من لێرە دەفتەرم بە بەرگی شینەوە
لاپەڕەی نووشتاوەی دوانامەی
تۆزاوی گیرفانی چەپتانم
لای ڕاستی برینی سەر ڕێگەی
پردەکەی سەروماڵ.
پێنووسم... بە دەستی چەماوەی
ئەشکەوتێك
بەو هەموو تاریکییەی دەورتانی تەنیوە
دەنووسێ ڕووناکی و دەبێتە وەتەنتان.
داباره ئەی وەتەن بە پشتێنی ئاگرینی گرەوە
ئێستاکە پووشپەڕە و
پیرلاشێز گوڵاڵەی پێدەشتی
قاسملووی لەبەرە
هەتاوی خەندەیە دەپشکوێ .
ئەی شیعری خاکیپۆش، جامانە لە گەردەن!
بنووسێ بە رانك و چۆخەی بەر پیاوە مەزنەکان
بە کڵاشی هەڵکێشراوی سەدەیەك ڕۆیشتن
بە کلێسای کۆڵانەکانی ئەورووپا و
نەخشەی بە خوێن داڕێژراوی
شەقامی قاسملوو.
بنووسە قاسملوو و هەڵفڕە
وەك کۆتر دواگمەت بخەرە گیرفانی
غەدرەوە
بنووسە شەهید و سەرهەڵبڕە
بنووسە ڤیەنا و داخوڕێ
بنووسە تاوان و هاواربە
بنووسە هاوار و هەڵکشێ
ئەی شێعری خاکیپۆش ، جامانە لە گەردەن.
بنووسە :
قاسملوو وەك بڵێی تاوێکە لێرەیە
لە ریزی پێشەوەی کاروانی دێموکرات
سەنگەری لە هەنسکی گریانمان گرتووە و
بە دەستی وەك هەتاو بەخشەندەی
جامانەی ڕاسانی بە سەری لە مێژوو
بەرزترمان بەستووە



# سەروەرەکەم!

**نەکەرۆز**

لە پاش کۆچی ناوادەت،وانەکانتمان کرد بە ڕاسان
لە درەنگانی ئێوارەیێکی نەورۆز و
بلێسە و ڕەشبەڵەکەوە
لە قەراخی زەریای ئۆقرە نەگرتووی
دڵ ونیشتمانەوە
لە سەر لوتکەی بەرزی سەروەری
وئیرادەوە
بزەکانتمان کرد بە ئاوی
مەتارەکانی ڕاسان
ڕێبەرەکەم
لەو ڕۆژەوە سەدان ئەستێرە و
گەڕۆک ، بەدەوری خۆری
نیگاتەوە
لە ڕێبازی پاک وبێگەردت دا
چۆپی ڕاسان دەکێشن
لەو ڕۆژە بەدواوە
کوچە وکۆڵانەکانی شار بوون بە
شاخ
پەپولەکان بوون بە هەڵۆ
دارە پیر وپەرتوتەکان ، بوون بە باخ
بەستەڵەکەکان توانەوە
کانیاوەکان ژیانەوە
مامۆستاکەم
تۆ هەمیشە لە گەڵمانی
وەک گوڵ وخاک
وەک هەناسە و ناخ
خوێن و دەمار
تۆ گلێنەی چاوەکانمانی
فێرت کردین، کۆڵ نەدەین ،
هەرگیز نەگرین
لەو ڕۆژەوە ئێمە بە چاوی شەونم و
ئەسرینەوە
لە ڕێبازدا هەرماوین
گێلاسەکانی قەرەسەقەل ڕەنگی
خوێن وئازادیە
کۆساڵان سەربەرزترە لە ساڵان و
دەشتی لە سەرگازی پشت نوستووی
ڕزگاریە
دڕک ودالی باشوور گوڵی سەیفاوای
هەڵوەراند...
بەڵام چاومان قەت کز نابێ
هەنگاوەکانمان شل نابێ
بزە لە سەر لێومان دوورۆ نابێ
ئەمە ئێشی ئەو نۆشەیە ، شۆڕشگێڕ
لێی زووير نابێ
ڕێگای هەڵدێر وبەردەڵان
سەرمای زستان
گژە گژی بای پاییز و
دەنگی لەرزۆکی بەزیوان
نابنە ڕێگر ، نابنە کۆسپ
بۆ ژوانی بەهار و ژیاننەوە
ئەی خۆرەکەی شەوی یەڵدا
کانگای بەخشندەیی وسرور
سنەوبەری باڵابەرزی دەم بەخەندە
زمانی سادەی زەریای ووشە
ئەی گەورە پیاوەکەی مێژوو
دڵنیابە قەت ناهێڵین ڕمووزنانی
تاریکی
سەری مێرخاسان بکەنە دیاری بۆ
چلەی ناپاکی
سەردارەکەم ،سەروەرەکەم ،ڕێبەرەکەم
دڵ پڕ لە هیوان
دەست لە چەکن
ڕاسان قسەی کۆتاییە
ڕاسان قسەی کۆتاییە...

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan • No:705 22 July 2017

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia


